بسم الله الرحمن الرحيم

# بەشی یەکەم

# شارۆچکەی پێنجوێن:

## جێگەکەی:

ئەم شارە لە ناوچەیەکی شاخاویدا هەڵکەوتووە، سێ لای باکوورو باشوور و رۆژهە لاتی ئەم کەل و ملە و تەپۆڵکەو شاخانەیە: لە باشوورەوە کەلی قوباد، بەرکێو ملەی حەمەقاسێ ، و لەپشتیشیانەوە زنجیرە شاخی ئاسنکوڵێن و سێکوێ و پانی شە وەقەتە، لە رۆژهەلاتەوە قەلادێ و کێوی ئە حمەد هاجەر و لەپشتیشیەوە کێوی پیر جومعە، وە لە باکووریشەوە، تەپۆڵکەی گویژەو گۆڕستانی حاجی شێخە. تەنیا لای خۆر ئاوایە وە دەشتە، کە بە دەشتی پێنجوێن بە ناوبانگە. ئەڵبەت ئەم دەشتەش دەوری بە کۆمەڵێ شاخی بەرزو بوڵند گیراوە وەك: پیر میکائیل و قەلای کچێ و تاریدەر.

هێڵەکانی پانی (35-45) درێژی هێڵەکانی (41-50).وەستا لالۆ./بەشی دووەم.

ئەم شارە لەسەر هێلی ستوونی 46 و لە نێوان هێلی ئاسۆیی 34و 35 دایە، و یەکێکە لە قەزاکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی و دە کەوێتە سەد کیلۆ مەتری باکوری رۆژهە لاتی سلێمانییەوە. لەگەڵ ناوچەکانی شارباژێر و شارەزوور و هەورامان و مەریوان و بانەدا هاوسێیە، و شێوازی زاراوەی لەمەریوانەوە نزیکترە تا ناوچەکانی تر. ئەم شارە سێ ناحییەی هەیە: 1- ناحییەی ناوخۆی شار، 2- ناحییەی گەرمك، 3- ناحییەی ناڵپارێز. دێهاتەکانی دەورو بەری خۆی و هە رسێ ناحییەکەی نزیکی نەوەد ئاواییەك دەبێت.

## مێژووی ئەم شارە:

ئەم شارە ناوی لە کتێبە مێژووییە کۆنەکانی وەك معجم البلدان ی یاقووتی حە مەویدا نییە. بەو پێیەی لە پیاوە پیر و بە سالاچووە کانم بیستووە، مێژووی دروستبوونی ئە م شارە ناگاتە سێسەد ساڵ. پاش هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانلی خەڵکی ناوچەکە پشتگیر و لایەنگری شێخ مە حمودی مەلیك بوون، خە ڵکی ناوچە کە خەڵکێکی کۆرد پە روەر و میوان پە زێر و غە ریب نە وازن، لەشۆڕشەکانی نوێی کوردستانا بەشداری زۆریان کردووە و قوربانی سەرو ماڵی زۆریشیان داوە.

## دانیشتوانی:

دانیشتوانی پێنجوێن هە موو کورد و موسڵمان و سوننی مە زەبی پەیڕەوی ئیمامی شافیعین. چەند هۆز و بنەماڵەیەك لە ناو پێنجوێنا هەن وەك: 1- هۆزی بارام ، 2- هۆزی قوباد، 3- هۆزی مخە( میخائیل)، 4- هۆزی وەستا حسەین، 5- هۆزی نیسك، ئە م پێنچ هۆزە دادەنرێن بە بناغە دانەری

شاری پێنجوێن لەمانەوە ناوی نراوە پێنج وێنە، واتە: پێنج هۆز. وەچەند هۆز و بنەماڵەیەکی تریش هەن کە لەم دواییانە دا هاتوونە تە پێنجوێن و زۆر بوون و پە رەیان سە ندووە، هە ندێکیان لە مەریوانەوە هاتوونەتە خوارێ و هەندێکی تریشیان لە دێهاتەکانی دەورو بەرەوە هاتوون، وەك بناوەسووتە و شلێر و چەمی بووزان و شێخەڵمارێن و ...هتد.

دانیشتوانی خەڵکی پێنجوێن و دەوروبەری بە چل تا چل و پێنج هەزار کەس دەخەمڵێنران. ناوشار دە مزگەوت وجامیعەیەکی تیابوو، قوتابخانە یەکی ئاینی گە ورە و ئامادەییەك وچەند ناوەندییەکی کچان وکو ڕان و چە ند سە رەتاییەکی تیا بوو . پێنج گە رماوی گشتی وخە ستەخانەیەکی چە ند قەرەوێلەیی وچەند تیمارگەو چەند دەرمانخانەیەکی تیا بوو، جگە لەبازارو خان و قە یسەری و ئوتێل.

کانزاو بەر و بوومەکانی: ئەم ناوچەیە کۆمەڵێ کانزا( معدن)ی گرنگی وەك ئاسن و ئەزبێز و مس و نەوت و بەردی گران قیمەتی تێدایە. لە باشووری خۆر هەلاَتی پێنجوێندا شاخێکی سێ لوتکەیی تێدایە کە پێی دەگوترێ: سێ کۆ، بەشێك لەو سێ لوتکە شاخە کانگای ئاسنەکەی تیایە و پێی دەگوترێ: ئاسن کوڵێن. واتە: شوێنی ئا سن کولاَندن، پیش ئە وەی ئینگلیز بێتە ناو کوردستانی عیراقەوە ئەو ناوە ی لێنراوە . وە ئاواییەکیش لە پەنای ئە وشاخەدایەو کە وتۆتە ژێر دە سەلاَتی دەوڵەتی ئێرانەوە پێی دەگوترێ: ئاسنەوە.

ئاسنی پێنجوێن لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر زۆرەو شیاوی ئەوەیە کارگەیەکی ئاسنی لێ دروست بکرێت بەلاَم لەلایەن رژێمەکانی یەك لە دوای یەکی عیراقەوە پشتگوێ خراوەو ئەو کارەی تیا نەکراوە تا خەڵکی ناوچەکە ببووژێتەوە..

لەبەر ئەوە بەشی زۆری خە ڵکی ناوچەکە بە ئاژەڵداری و باخداری و کشتوکاڵە وە خەریکن. لەم ناوچەیەدا گەنم ، جۆ، برنج (چەڵتووك)، پەڕشە، گەنمە شامی ، هەرزن ، نیسك ، نۆك، ماش و ...هتد دە چێنرێ. توتنی زۆرباشی ل ێ بەرهەم دە هێنرێ. دەوروبەری شار رە زو باخی میوە ی زۆری تیایە. لە وەرزی هاویندا هە ندێ ساڵ گەزۆی لێ دە بارێ، ئەویش دەرامەتێکی باشە بۆ جوتیاران.. ئاژەڵی ناوچەکەش بەزۆری بزن و مانگایە..

## ئاو و هەواکەی:

ناوچەی پێنجوێن بەگشتی و ناوشار بە تایبەتی سروشتێکی کوێستانی هە یە، بە زستانا زۆر ساردەو هەندێ کات پلەی گەرمای دەگاتە بیستی ژێر سفرەوەو بەفرێکی زۆری لێ دەبارێ، لەکاتی ساماڵ و سایە قەی زستانیا بە تایبەت لە شەوانەو دە مەو بە یاندا هە ر زۆر سارده . لەهاوینیشا فێنکە و لەهەندێ شوێنیا شەوانە بەلێفەوە نەبێ ناتوانن بخەون لەبەر سەرما. پلەی گەرمای هاوینی هەندێ جار دەگاتە 30 پلە.

ناوشار چەندەها کانی و سە رچاوەی ئاوی تێدایە ، کەئاوەکەی لە هاوینا زۆر فێنکە و لە زستانیشا نیمچە شلەتێنێکە. ئەمەش ناوی هەندێکیانە: 1- کانی حەیات، 2- هەزارکانیان، 3- چاڵەرۆحێ، 4- هەندێ لەم کانیانە لەهاوینا شوتی و تر ێ دەتەقێنن لە سارديدا. هاوینە هەوارەکانیشی بریتین لە چوارباخ و بلكيان .. بەشی زۆری کێو وگردۆڵە کانی ناوچە ی پێنجوێن بە درەختی بە ری و

دارستانی سروشتی داپۆشراوە، وەك داری بەڕوو ، گزگل ، گۆیژ ، مازوو ، باخی گوێز ، تر ێ ، هەرمێ و... هتد.

## پیاوانی زانا و ناوداری:

ئەم شارە چەندەها پیاوی گەورەو زاناو شاعیر و نووسەری ناوداری تیا هەڵکەوتووە.

### أ - مەلای گەورە:

ئەم زاتە پایە بەرزە ناوی عەبدوڕڕەحمان کوڕی مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا ئیبراهیم کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا یوسف کوڕی مەلا عەزیزی کوڕی مەلا عەبدولکەریمی کوڕی مەلا سەعیدە لە سنووری ساڵی (1250 ه) لەدایك بووە، و بە مەلای گەورەی پێنجوێن ناوبانگی دەرکردووە: لە بەشی زۆری زانیارییە کانی ئە و سە ردەمەدا دە ستێکی باڵای هە بووە، و لە و مەیدانەدا سوار چاك بووە ، شەرحێکی زۆرو پەراوێزێکی فراوانی بە سەر بەشێکی زۆر لە کتێبە گرانەکانەوە هەیە، لە ژێربێژیدا وە ك: سەعدواللهی گە ورە، حیسام کاتی، (تهذيب المنطق) ، گەلەمبەوی شەرح، گەلەمبەوی بورهان، شە رحی مە تالیع و شە رحی شە مسییە. وە لە زانستی کەلامدا پەراوێزی بەسەر عەقائیدی نەسەفی، شەرحی سەعد، خەیاڵی، (تهذيب الكلام) ء شەرحی مەقاێیدە وە هەیە. وە لە ئوێولی فیقهدا بە سەر جەمعو لجەوامیع، لوببول وێولە وە هەیە. وە لە رەوانبێژی عەرەبیدا (البلاغة) پەراوێزی بەسەر ئەقیەل ئەمالی و ( مطول ) ەوە هەیە. وە لە زانستی هەیئەتدا پەراوێزی بەسەر تەشریحولئەفلاك و چەخمینیەوە هەیە، وە بەقەد چەند بەرگێ فەتاوای شەرعی لەوەڵامی پرسیار و مونازەرەدا هەیە.

لەبەشی زۆری ناوچەکانی کوردستانەوە قوتابیانی زیرەك روویان تێکردووە تا سوود لە زانیارییە فراوانەکەی وەرگرن، ئەم نووسراوانەی بەسەر بەخۆ هەیە:

1- نامەیەك لە ڕێبازی دین دا لە کێشەی گفتوگۆدا.

2- نامەیەك لەبارەی ناپاسایی کوردانەوە هەیە کە نزیکەی (50) پەڕە ئەبێ.

3- نامەی رجوع التعليق نزیکەی (60) پەڕەیە.

4- نامەی دروست نەبوونی تەحلیل لەم زەمانەدا نزیکەی (60) پەڕەیە.

5- نامەی ئەداتو تتەعلیق بە شیعر.

ئەم زاتە لە شەوی هەینی و لە مانگی زیلقە عیدەی ساڵی 1319ك – 1901ز کۆچی دوایی کردووە، هەر لە پەنای مزگەوتەکەی خۆیا تە رمەکەی بە خاك سپێردراوە ،و بە گۆڕی مە لای گەورە بەناو بانگە.

### ب – قازی پێنجوێن:

یەکێکی تر لەو زانایانە ماموستا مەلا موحەممەدی قازی پێنجوینە کە بە مەلا محمدی خوا هەرزاد بەناوبانگە، لە ساڵی (1285ه) لە پێنجوین لەدایك بووە کوڕی مەلا عەبدولکەریم کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا حسین، کوڕی مەلا عەبدواللە یەو لە هۆزی وەستا حسینە ، لەبەر ئەوە کەخوشکەزای مەلای گەورەی پێنجوێن بووە پێیان گوتووە : مەلا موحەممەدی خواهەرزاد. ناوبانگیشی بە قازی دەرکردووە، چونکە قازی پێنجوێن بووە. وە لەساڵی 1937ز وەفاتی کردووە.

ئەم زانا پایە بەرزە لەو سەردەمەدا خەمی میللەتەکەی خواردووە ، و ویستوویە تی قەومەکەی بەزمانی خۆیان لەپەیامی پەروەردگاریان حاڵی ببن، بۆیە هەستاوە بەتەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز بەزمانی کوردی‌و لە سێ بەرگی قەوارە گەورەدا نوسیویەتی و ناوی ناوە : {تیژکاری ئیمان بۆ قەومی کوردان}، بە داخەوە تا ئێستا ئە م خە زێنەیە هەر دەستخەتەو لەزانکۆی سەلاحوددین، لەهەولێر هەڵگیراوە، هەرچەند زانکۆ کاتی خۆی بە ڵێنی داوە کە چاپی بکات، هیوادا رین ئەو بەڵێنەی خۆی زووتر بێنێتە دی..وەهەروەها کتێبی (مینهاجوتتالبین)ی شێخی نە وەویشی وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی، کە بریتییە لە شەریعەتی ئیسلام لەسەر پێڕەوی ئیمامی شافیعی. وە دوو کتێبی لە ژیربێژی(منگق)دا داناوە ، یەکێکیان شەرحی عەبدوڵلا یەزدییە بە کوردی، دوەمیان موحاکەماتی‌بەینی ماموستا مەلا عەبدوررەحمانی پێنجوێنی و شێخ عومەری قەرەداغییە. وەهەروەها کتێبێکیشی لە رێزمانی عەرەبیا داناوە بە ناوی (ئەحمەدییە ) ( 1).ئەمانە ناوی کتێبەکانن:

1-کتێبی ئەحمەدی لە علمی نەحودا بۆ مەلا ئەحمەدی کوڕی.

2-شرحێك بەسەر کتێبی عەبدوڵلا یەزدی لە ژیربێژی (منطق )دا.

3-مدونەیە بەسەر کتێبی گلن بەوی برهان هەر لە ژیربێژی (منطق )دا.

4-تەرجەمەی مینهاجی نەوەوەی لە فیقهی شافیعیدا.

5- تەفسیری قورئانی کەریم بە سێ بەرگی (200) وەرقی قەبارە گەورە.

پاش خۆی سێ کوڕو سێ کچی لە دوا جێماوە لە دووژن، کوڕەکان: ماموستا مەلا ئەحمەدی قازی- کەلەمەولا باسی دە کەین- ، ماموستا مە لا هە یبەتوڵلا کە ئێستا ماوە و ئیمامی مزگە وتی ئەوقافەو لە شاری سلێمانی دە ژی، وە رەحمەتوڵلا کە ئێستا لە مەریوان دە ژی. وە هەرسێ کچەکانیش شوویان کردووە: ئامین ، فە یمە ، ئەفسەر.

## ج- موفتی پێنجوێن:

ئەم ماموستایە ناوی مەلا عەبدوڵلایە ولە دێی(بییسان) لە ناوچەی پێنجوێن لە دایك بووە، چونکە خۆی کاسبی کردووە و لە پێنجوێندا دوکانی جگە رە فرۆشی‌بووە پێیان گوتوە: مەلا عەبدوڵلای توتنچی، وە نازناوی (موفتی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، دەنا موفتی نەبووە. لەگەڵ ماموستا قانیعی رەحمەتیدا زۆر دۆست و ئاشنا بوون، وە بیرو بۆچوونیان زۆر لێك نزیك بووە . شیعرەکانی بەناوی دیوانی موفتی لە کوردستانی ئێران وعێراقدا چاپکراوە و بلاو بووەتەوە.

پارچە شیعرێكی ناوداری هەیە كە شین و لاواندنەوەیە بۆ پێنجوێن و كاتێك گوتویەتی كە ئەم شارە لە نیوەی دووەمی چلەكانی سەدەی بیستا (لە 8- 8- 1946ز) بەر راتەكاندنی بوومە لەرزەیەكی گەورە كەوتووە و خەڵكەكەی بەملاو لادا ئاوارە بوون، ئەویش كە لەئاوی سازگار و هەوای فێنك و دیمەنی جوانی شار و رووخۆشی خەڵكەكەی و غەریب دۆستی و میوان نەوازی و چاكە خوازییان دوور دەكەوێتەوە بە پارچە هەڵبەستێك خەمی خۆی بۆ ئەو شارە دەردەبڕێت كە ئەمە دەقی شیعرەكەیە:

پێنجوێن بەبێ تۆ نزیە مەرگم — لوبنان شكێن بووی داخی بە جەرگم ..
تازە بووكێ بووی بەســـــەر چیـــــاوە — ئەهاتنە سەیرت لەم لاو لەو لاوە
پارچە ئەرزێ بووی لە پارچەی بەهەشت — زەردو سور و شین كەژ وكێو و دەشت
سەیرانگای پۆلی گەنجی عێراق بووی — لەم سەردەمەدا بۆن خۆشیء تاك بووی
جێگەی هەزاران بێكار و ئاو بووی — هەرچەند ناحیە بووی شاری تەواو بووی
پێنجوین بەبێ تۆ نزیكە مەرگم — لوبنان شكێن بووی داخی بەجەرگم
بۆ هەوای ساف و ئاوی ساردی تۆ — ئەكەم هەتا هەم شیوەن ڕۆ ڕۆ
میوەی بەهەشت بوو تامی میوەكەت — كەوسەر بوو كانیو چەم وشیوەكەت
ئێران وعێراق چاویان لە تۆ بوو — مردووش لە ناوتا بەرەنگ وبۆ بوو
سەد دڵی سیست گەش ئەكردەوە — سەد خەمت لەبیر من ئەبردەوە
شاری غەزنە بووی بێجگە لە خۆشیت — خۆشی بوو سەر پاك دەرد و نەخۆشیت
پێنجوین بەبێ تۆ نزیكە مەرگم — لوبنان شكێن بووی داخی بەجەرگم
تازە وەكو كەو خاڵت ڕشتبوو — شارانی ترت بەداخ كوشتبوو
لیوا لە چاوتێ وێرانە دێ بوو — حەكیم بووی دەوای سەد دەردت پێ بوو
جار بە جار ئەڵێن غەزەبی خوا بوو — دوعای خاسان و شێخ و مەلا بوو
خۆ تۆ بە تەنیا بەقەد كوردستان — بۆ خاسانی خوا بوو بوویتە بێستان
بێجگە لەوانەش هەتا دوو هەزار — بەخێوت ئەكرد فەقیر و هەژار
پێنجوین بەبێ تۆ نزیكە مەرگم — لوبنان شكێن بووی داخی بەجەرگم
هەر چاوی چڵكن كاری تێ كردی — وەك تیری قودرەت لە ناوی بردی
ئێمەش بە جارێ بە خۆشی تووە — هەر بە سەر خۆشی ئە چوین بەرێوە
بێخەم و مەراق وەختی ئێوارە — ئەچوینە چوار باخ پۆل پۆل بۆ سەیران
بێ عەرەق مەست بووین بێشەراب سەر خۆش — ژن وپیاو یەكسەر خۆش خۆرو تەڕ پۆش
وائەمڕۆ قەدری خۆشیت ئەزانین — كەوا پەرگەندەو بێخانە ولانین
پێنجوین بەبێ تۆ نزیكە مەرگم — لوبنان شكێن بووی داخی بەجەرگم
نەك هەرمن هەر تەنیا بەداخ و دەردم — نەك هەر من تەنیا هەناسە سەردم
هەر كەسێ ڕۆژێ كەتۆی بینیوە — وەك فەنەر قەف قەف پشتی چەمیوە
عێـــراق بەجـارێ بەشار و دێوە — ماتەم باری تۆن بەنێر و مێوە
منیش بەقەدەر گشت ئەنحای عێراق — والەسەر شانم ماتەم و مەراق
پێنجوین بەبێ تۆ نزیكە مەرگم — لوبنان شكێن بووی داخی بەجەرگم

مامۆستا موفتی لە  ساڵی1881 لەدێی بێستانە  لەدایك بووە، وەلە 1952/6/15 لە نەخۆشخانەی سلێمانی کۆچی دوای  کردووەو پاش خۆی دوو کو ڕ(عەبدولکەریم و کامیل)و چەند  کچێکی لەدوا جێماوە.

## د- مەلا ئەحمەدی قازی:

ئەم مامۆستایە  کوڕی مەلا موحەممەدی خواهەرزادی قازی پێنجوێنە ، پیاوێکی وریا و زیرە  ك وبلیمەت ولێهاتو بوو، پاش وەفاتی باوکی لە جێی باوکیدا لەمزگەوتی قازیدا دەبێ بە ئیمام. لە بەر زیرەکییەتییەکەی فەقێ  لەملاو لاوە  ڕوویان تێدە کرد بە لأم ئەو تاقەتی دەرز وتنەوەی نەبوو. مامۆستا شاعیر وهەستیار بوو، شیعری بەتام و چێژی جوانی هەبوو، هەر لەسەر سۆفیەتییەکەی خۆی بەردەوام بوو، لە  بلوەی کەشف و کە ڕاماتی شێخ عوسمانی سیراجوددینە  وە  کتێبێکی نووسیبوو، بەرهەمەکانی مامۆستا مەلا ئەحمەدی قازی ئەمانەن:

گەنجینەی گەوهەر.

باخچەی بۆنخۆشان لەسێ بەرگدایە، تا ئێستا بەرگێکی چاپکراوە.

کأس الشاربین   دیوانێکی شیعرییەو تائیستا چاپ نەکراوە.

سلسلة أسماء الله الحسنی ، بە شیعر، تائێستا چاپ نەکراوە.

سلسلة مشائخ الطریقة النقشبندیة ، تائێستا چاپ نەکراوە.

ا لوسیلة،  تائێستا چاپ نەکراوە.

لەساڵەکانی شەستا ڕۆیشتە سلێمانی و لە مزگەوتی نەقیب( مزگەوتی ئەوقاف) بووە ئیمام و کۆڕی خەتمەی بۆ مورێدەکانی شێخ دامەزراند، لەم ساڵانەی دواییدا مامۆستا بە هۆی نەخۆشییەوە زۆر بێتاقەت ببوو. لە12-8-1983 لە سلێمانی وەفاتی کرد.

ئەو مەلا هەڵکەوتو و ناودارانە ی تری پێنجوین کە   بەرهەمی نووسراویان نەبووە و لە هەندێ بواری ترا ناسراون وەك:

## ە - مەلا ساڵحی بەرکێو:

یەکێکی تر لە مەلا کانی پێنجوێن مامۆستا مەلا ساڵحی بەرکێو بووە، ئەم زاتە لە هۆزی بارام بوو، کەیەکێکە لە پێنج هۆزە  سەرەکییەکەی پێنجوێن، لە  مزگەوتی بەرکێوی پێنجوێن ئیمام بوو، بۆ ژێواری خۆی دوکانێك ی وردەواڵە و کتێب فرۆشی هە بوو، ئەم زاتە  لە یەکی رەمەزانی ساڵی 1956ز کۆچی دوایی کردووە . پاش خۆی چوارکو ڕو پێنچ کچی بە جێ هێشتووە، مەلاعەبدول ورەئوف وئەحمەدو مەحموود ، بەدری ، سەبری وقومری ، ئامینە  و زەکێ، ئامینە  دوای خۆی مردووە..

## و - مەلا مەحموودی رووت:

ئەم زاتە بە رووت بەناو بانگ بوو. یەکێك بوو لەوانەی کەلە دەرەوەی پێنجوێنەوە هاتبوون،و لە پێنجوێندا رێزێکی گەورەی لێدەگیرا، لە زانیارییەکانی مزگەوتا ئاستێکی وای نەبوو، بەلاَم پیاوێکی روولە خوابوو، کاتی خۆی بە لاوی زۆر روو لە خوانەبووە، پاشان تۆبە ی کردووە و بەباشی گەڕاوەتە دواوە، ماوەیەك بەو هەردانەدا بەرووتی گەڕاوە، و تەنیا شەرواڵێکی لە پێدا بووە و بەس بۆیە ناو نراوە بە مەلا مەحمودی رووت. ئەم زاتە لە 15- 2- 1960ز کۆچی دوایی کردووە و لە سەر وەسێتی خۆی لە گۆڕستانی شەخسی لێژێی پێنجوێن بە خاك سپێردراوە. کچێك و سێ کوڕی لە دوا جێماوە: موحەممەد، ئەحمەد، لەتیف و فاتیمە. ئەڵبەتە لەتیفیان بوو بە مەلاو پیاوێکی تێگەیشتوو روو لە خوا بوو، لە شەڕی ئێران وعیراقدا شەهێد کرا.

## ز- مەلا عارفی پێنجوێنی:

ئەم زاتە کوڕی مەلا موحەممەد کوڕی سۆفی حەسەنە، زانایەکی وریاو لێهاتووبوو، لە هەموو بوارەکانی زانیاری ئەو سەردەمەدا دەستێکی بالاَی هەبوو، هەمیشە حوجرەی فەقێکانی فەقێی تیا بووە، مەلا موحەممەدی باوکی لە بانەدا ژیاوە، بەلاَم سۆفی حەسەنیباپیرەی خەڵکی وریاوای بابەعەلی بووە لە ناوچەی پێنجوێن، لەبەرەبەیانی 30-10-1960ز لە کۆڕی زیکرو تەلیلەدا دڵی پاکی لە لێدان کەوت و گیانی بە خوای خۆی سپارد. پاش خۆی چەند کچێك ودووکوڕی بەجێ هێشت: مامۆستاجەلال و مامۆستا عەلی.

## ح - مەلا موحەممەد ئەمینی سۆفی:

ئەم زاتە ناوی: موحەممەد ئەمین کوڕی موستەفایە، بە مەلا موحەممەد ئەمینی سۆفی بەناو بانگ بووە، خەڵکی ناوشاری پێنجوێنە و لە هۆزی قوبادە، کە یەکێکە لە پێنج هۆزە بناغە دانەرەکەی پێنجوێن، ئەم زاتە زانایەکی بەتوانابووە، و فەقێ ی ئاخیر مادده خوێن لە خزمەتیا دەرسیان خوێندووە، و کەشف و کەراماتیان لێ گێڕاوەتەوە، یەکێك لەوانەی لەو بارەوە شتی لێدەگێڕایەوە مامۆستا مەلا سەعیدی خەڵکی دێی (ساوا)یمەریوان بوو، پێکەوە هاوەڵ دەبن و لە سەردانی شیخ عەلائوددینی بیارە دێنەوە، ئەوکاتە بەپێ رۆیشتوون و هاتونەتەوە، ئەڵێ: لەچەمی بووزاندا بووین مامۆستا مەلا حەمەومین گوتی: مەلا سعید بۆگەنێکی ناخۆش دێتە لووتم، وەك بۆگەنی رەشبەڵەك بێ ئاوەهایە، تۆ هەستی پێدەکەیت؟ گوتم: نەوەڵلا. تازیاتر بەرەو پێنجوێن دەهاتین ئەو زیاتر بە بۆگەنەکە قەڵس دەبوو، کاتێ لە ملەی سێکۆ هاتین بەم دیوا دیمان لە چوارباخدا هەڵپەڕکێ و رەشبەڵەکە!!.

ئەم زاتە تا کۆتایی پەنجاکان لەمزگەوتی حاجی رەسووڵدا فەقێی هەبووەو دەرسی گوتوتەوە، پاشان دوکانی کتێبفرۆشی و وردە والاَی داناوە. لە 21 پێنجی ساڵی 1962 بە بۆمبای فڕۆکەکانی رژێمی قاسمی لە دێی (تازەدێ) شەهێد کراوە. چوار کچ و چوارکوڕی لەپاش جێماوە، کچەکان: تەلیعە، رابیعە، توبا و مەلیعەن، کوڕەکانیش حەسەن پێنجوێنی، موحەممەد، حوسەین و ئەحمەد، بەلاَم ئەحمەد بە نزیکەی پێنج مانگێك دوای خۆی مردوە..

## ط ـ مەلا ئیسماعیلی مزگەوتی جامیعه:

ئەم زاتە لە زانیارییە عەقڵییەکاندا پیاوێکی زۆر زانا بوو، هەمیشە قوتابی لە خزمەتا بووە بۆ دەرس خوێندن، خەتیبی مزگەوتی جامیعەی پێنجوێن بوو، لە جومعەکاندا خوتبەی ئیبنو نەباتەی دەخوێندەوە. ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان ئیجازەی تەدریسیان لاوەرگرتووە. ئەم زاتە دوو کوڕ و کچێکی هەبوو مەلا موحەممەد و مەلا سابیر، موحەممەد لە سوپای عێراقیدا خزمەتی دەکرد ونائیب زابت بوو، سابیریش لەخەستەخانەدا بووبە موزەممید. لە 1890 ز لەدایك بووە، وە لە 14 -5- 1973ز کۆچی دوایی کردووە(1).

**1- تێبینی: ئەگەر هەندێ لەدۆستان یارمەتییان نەدامایە نەم دەتوانی ئەم باسە تەواوبکەم، وەك ئەمەکناسی جێی خۆیەتی لێرەدا سوپاسیان بکەم:**
**کاك یوسفی حەسەن، کە وەڵامی پرسیارەکانی بە ئیمێلدا بۆدەناردم.**
**مامۆستا مەلا هەیبەتوڵلا.**
**مەلا عەبدول کوڕی مامۆستا مەلا ڕالح.**
**موحەممەد و حوسەینی برام.**
**وە هەموو ئەوانەی کەبەشداربوون بە درکاندنی ووشەیەك، خوا پاداشتی خێریان بداتەوە..**

# # #

# بەشی دووەم :
# ژنهێنان و شووکردن.

لەهەرشوێنێکدا خەڵکی باو ونە رێتی تایبەتی خۆیانیان هە یە، پێنجوێنیش وە ك شارێکی کوردنشین باوی کوردەواری زاڵە بەسەریا، بەلأم تایبەتمەندی خۆیشی هەیە.

**داواکردن**:

لە (پێنجوێن)دا وا باو بوو پێش هە موو شتێك کەس وکاری زاوا ئافرە تێکی قسە زان و کارامەیان دەنارده خوازبێنی ئەو ئافرەتەی کە دەیانەوێ بۆ کوڕەکەیانی بێنن. دایکی ئافرەتی داواکراو وەلأمی تەواوی داخوازییەکەی نە دەدایەوە و دەیگوت: هەروەك دەزانن ئەم مەسەلانە بەدەست پیاوانە، من بەباوکی کچەکەم دەڵێم، ئێوەش پاش هە فتەیەکی تر سە ر بدەنەوە بۆ وەلأمەکەتان. کاتێ باوکی کچەکە دەهاتەوە ژنەکەی بۆی باس دە کرد کە ماڵی فلأنەکەس هاتبوون بۆ داخوازی کچە کەمان، منیش پێم گوتون: پاش هەفتەیەکی تر سەر بدەنەوە بۆ وەلأمەکەتان.

ئەگەر دایکی کچە زاواو بنە ماڵەکەیانی بە دڵ بووایە ، ئەوا بە هەموو شێوەیەیەك هە وڵی دە دا مێردەکەی رازی بکات، ئە گەر حەزیشی لێیان نە بوایە هەر لەسەرەتاوە دەستی بەڕوویانەوە دەناو بڕو بیانوویەکی زۆری دەهێنایەوە بۆ ئەوەی واز لە داخوازییەکەیان بێنن. ئەگەر زۆر هەتەریشیان بکردایە ئەیوت باشە ، بەلأم هەتا بۆی بکرایە مێردەکەی قەناعەت پێدەکرد کە گفتیان پێ نە دا و رازی نەبێ. باوکی کچەش بڕیاری خۆی دەدا بە ئەرێ یا بە نەرێ.

پاش هەفتەکە ماڵی کوڕەکە دەهاتنەوە بەشوێن داواکارییەکەیاندا و وە لأمی خۆیان وە ردەگرتەوە، ئەگەر بە نەخێر بوایە ، ئەوا دە چوونە دواوەو وازیان لێ دە هێنا، و داوای کچێکی تریان بۆکوڕەکەیان دەکرد، ئەگەر زۆر حەزیشیان لە خزمایەتییان بکردایە چەند جارێك خەڵکی ناودارو پیاوماقوولأنیان دەناردەوە بۆ ئەوەی تەکلیف لە باوکی کچەکە بکەن و رووی لێبنێن بە ڵکو رازی بکەن. ئەگەر ماڵی کچە کە رازی نەبوونایە پاش چەند جارێك داخوازی، ماڵی کوڕە کە وازیان دەهێنا.

## هێجبی کردن و شەکراو خواردنەوە:

خۆ ئەگەر بەئەرێ وەلأمیان بدرایەتەوە، ئەوا ژنان لەناوخۆیاندا باسی هەموو شتێکیان ئەبڕییەوەو، وەك ئەوە: کەی بیگوێزنەوە؟ چەند دەست جل و بەرگ، چەندە زێڕ وزیوی بۆ بکەن، مارەییەکەی چەندبێ؟ چەندی حازرو چەندی قەرز بێ؟ ئەمانەو چەندەها شتی تریشیان باس دەکرد. خۆ ئەگەر لەسەر ئەندازەی مارەیی و زێڕ و زیوەکە یەك نەکەوتنایە، ئەوا کاتێك کەپیاوان بەرەسمی دەچوون بۆ داخوازی لەو شەوەدا دەیانبڕییەوە..

بەدواکردنی کچ بۆ کوڕ دەگوترا:( هێجبی)، ژنانی کەس وکاری هەردولا کاتی هێجبی کردنیان دیاری دەکرد، و لە وشەوەدا ماڵی زاوا کۆمە ڵێ لە خزمان و پیاو ماقوولانیان دە نارد بۆ ماڵی بووکێ، ئەوانیش کۆمەڵێ پیاو ماقوولأن و خزمانیخۆیانیان بانگ دەکرد، پاش ماوەیەك دانیشتن و قسەی خۆش یا مامۆستای گە ڕەك یا یەکێ لە ریش سپی و پیاوماقولأنی تە رەفی زاوا باسەکەی دەکردەوەو داخوازییەکەی ئەکرد، باوکی کچەش پێشکەشی دەکردن، ئینجا باوك، یا برا، یا مامی زاوا هەڵدەستا دەستی باوکی کچە و چەند پیاو ماقولێکیانی ماچ دە کرد. هەندێ دوعایان دە کردو پاشان بۆ موبارەکیش فاتیحەیەکیان دەخوێند.. ئینجا خەڵکەکە هەریەکە لەشوێنی خۆیەوە موبارەك باییان لێدەکردن و دوعایان بۆ دەکردن کە لەیەکتر بحەسێنەوە.

ئینجا بەسەر خەڵکەکەدا نوقڵیان دە بەخشییەوە و پاشان شە ربەتیان دەگێرا، پێش سە ردەمی من شەکریان کردۆتە ناو ئاوەوەو گێڕاویانە، بەسەر خەڵکەکەدا، بۆیە پێیان گوتووە: شەکراو. ئیتر بۆ سبەینێ هەواڵ بلأو دە بووەوەو دەیانگوت ئەم شەو شەکراوی کچی فلأنە کەس خوراوەتەوە بۆ کوڕی فلأنەکەس، واتە: داویانەتێ و دە ست ماچکراوە . ئەم شەوە پێی دەگوترا شەوی دەست ماچکردن، یا شەکراو خواردنەوە.

## دیاریکردن:

پاش ماوەیەك ماڵی بووکێ ئاگادار دە کرانەوە لەلایەن ماڵی زاواوە کەدیانەوێ بووکێ دیاری بکەن، بە رێکەوتنی هەردوولا کاتێکیان دیاری دە کرد و لە و کات و رۆژە دا خزم وناسراو ودۆستانی هەردوولا لەماڵ بووکێ کۆدە بوونەوە، و ماڵی زاوا دە ستێبەرگی جوان و کیسە یەك خەنەو موستیلەیەك و چە ند سابوونێکی بۆنخۆشیان دە برد بۆ بووکێ و موستیلە کەیان لەدەست دەکرد. بەزۆری لەم رۆژەدا ماڵی زاوا شە ربەتیان بە خەڵکی دەدا و نوقڵیشیان دابە ش دەکر، وەهەندێ جاریش نان و چێشتیان دە برد بۆماڵ بووکێ و لە وێ دروستیان دەکرد.. بەم رۆژەشیان دەگوت رۆژی دیاریکردن.

جێی خۆیەتی هێمایەك بۆ ئە وە بکەین کە ژنبەژنکردن و شیربایی وە رگرتن لەناو پێنجوێنییە رەسەنەکاندا زۆر دەگمەن بوو.

## ماره بڕین:

پێش گواستنەوە بەماوەیەك هەردوولا رێك دەكەون لەسەر كات وشوێنی ماره بڕین، ئینجا ماڵی زاوا دەرۆیشتن بە شوێن مامۆستای مزگەوتی گەڕەكدا، داوایان لێدەكرد كە ئافرەتەكەیان بۆ ماره ببڕێ. یا هەردوولا دەرۆیشتنە ماڵ مامۆستا و لەوێ بۆی ماره دەبڕین.

بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا داوای دوو شاهیدی دەكرد كە ئاگایان لەم پەیمان و رێكەوتنە هەبێت، وە داوای دەكرد ئافرەتەكە ببینێت و خۆی بەگوێی خۆی لە دەمی ببیستێ و بزانێ ئایا بەم كاره رازییە یان نە؟ ئەگەر ئافرەتەكە بە ئەرێ وەلامی بدایەتەوە، ئەوسا مامۆستا بەئاگاداری دوو شاهیدەكە، و لەسەر ئەوئەندازەی كە هەردوولا لەسەری رێكەوتوون ماره ی دەبڕی، و بە شێوەیەكی شەرعی ئافرەتەكە دەبوە خێزانی پیاوەكە.

تاساڵەكانی شەستیش ئەوەی پێشكەش بە مامۆستا دەكرا لە حەقی ئەم كارەیا تەنیا كەلە شەكرێك و پاكەتێ چیكلێت بوو، تاكە تاكەیەكیش رێدەكەوت پێنچ پەنجایی یا نیودینار ببات بۆ مامۆستا، بە لام ئەمەیان هەر زۆر كەم بوو.

## خەنە بەنان:

پاش ماوەیەك بە پێی بۆ لووان و توانای زاوا لە بارەی ماڵ وسامانیە وە و رێكەوتنی هەردوولا رۆژێك بۆ گواستنە وەی بوكێ دیاری دە كرا، ماڵی زاوا خە نەیان بۆ ماڵی بووكێ دە برد و لە و شەوەدا بووكێ دە ست و پێی دە گیرایە خەنە، هەموو ئەو ئافرەتانەی بانگ كرابون ئە وانیش بە خۆشی بووكێوە دەست و پێی یا دە ستیان دەگرتە خەنە و لە ناو خۆیانا ئاهە نگیان ساز دە داو گۆرانییان بۆ خۆیان دە گوت،( ). هەرئەو شەوە بەتەواوی بووكێ ئامادە دەكرا بۆ ئەوەی سبەینێ بگوێزرێتەوە. هەرئەو شەوەش جلو بەرگی بووكێنی بۆ دەبرا، بۆ ئەوەی سبەینێ لەبەری بكرێ و برازێنرێتەوە.. ئەم شەوەش پێی دەگوترا: شەوی خەنەبەنان.

## گواستنەوە:

بۆ رۆژی دوایی ماڵی زاوا خزم و كە س و كاری هە ردوولایانی بانگ دە كرد بۆ زە ماوەند و ئاهەنگی بووك گواستنەوە و نان خواردنی نیوەڕۆ.

یەك دوو سە عاتی پێش نیوەڕۆ ئافرە تانی خزمی زاوا دە چوون بۆماڵی بووكێ و جوان دە یان رازاندەوە و بەرگی بووكێنییان لە بەردەكرد و تارای سووریان بە سەرادەدا، ودەماودەمی نیوەڕۆ كۆمەڵێ پیاوانی خزمی زاوا لەگەڵ هەندێ ریش سپی و پیاوماقولاندا بەناوی برازاواوە دەرۆیشتن بۆ بەردەم

ماڵی بووكێ، ژنان پەلیان دەگرت و بەربووكیش حەماڵێك بوو ئاوێنەیەكی بالأنمای گەورەی دەنا بە پشتییەوە ئارام ئارام لە پێش بووكێوە و بەپێی ئەو ئەڕۆیشت، ئەمە گوایا بۆ ئەوەبوو كەبەرەو داهاتوویەكی روون بڕوات. كۆمەڵی پیاوماقولأن لە پێشەوەو پاشان گەنج و هەرزەكارەكان وئینجا

بەربووك و بووكێ و ئینجا ژنانی تر رێدە کەوتن.. هەرزەکارەکان گۆرانییان دەگوت و چەپڵەیان لێدەدا.

پاش ئەوە کە برازاواکان ئەگەیشتنە بەردەم ماڵی زاوا دە چوونە کەنارێکەوە تا بووکێ دەگەیشتە بەرەوە، ئەوکاتە زاوا لەسەر شوێنێکی بە رزەوە کەڵەشێرێکی بە سەر بووکێدا هە ڵدەدا، بۆناو پیاوانی برازاوا، ئەوانیش هەریەکە لەشوێنی خۆیەوە هەوڵی دەدا تا بیگرێتەوە، لەئەنجاما یەکێك دەستی لێی گیر دەبوو دەیگرتەوە..

دوا بە دوای ئەوە زاوا سینییەك نوقڵ وچیکلێتی (هەندێ جاریش پارەی وردەی وەك پەنجا فلسی و دەفلسی تێدەکراو) بەسەر بووکێیدا هەڵدەدا، ئەمەش بۆ ئەو منالآنەبوو کە لەگەڵ بووکێدا هاتبوون تا کۆی بکەنەوەو دڵخۆش ببن.

کاتێ بووکێ لە دەروازەی ماڵ دەبرایە ژوور زاوا بە رەو پیری دە هات، یا چە پۆکێکی بەتوندی بەسەریا دەکێشا، کە ئەمە تا کۆتایی ساڵە کانی پەنجا باوبوو، یا تە وقەی لەگەلآ دەکرد و دە ستی دەگووشی، کەئەمەش لەسەرەتای ساڵەکانی شەستەوە بووبوە باو.

ئینجا نان و چێشت دە برا بۆ پیاوانی برازاواو دە عوەتکراو، لەم لایشەوە بۆ ناو ژنان و ئە وانەی لەگەڵ بوکێدا هاتبوون.

ئینجا خە ڵکی بلآوە یان لێدە کرد و تە نیا کە س وکاری زاوا دە مانەوە، هە ندێ جاریش بە پێی ئارەزووی خەڵکی دەگۆرا، هی وا هەبوو تا چەند رۆژێ درێژەی بە شایی و هەڵپەرکێ دەدا، بەلآم ئەم حاڵەتەیان زۆر کە م بوو، جێی خۆیە تی ئەوە باس بکەین کە لە شایی و هە ڵپەرکێدا تا نیوە ی یەکەمی شەستەکان رەشبەڵەك زۆر دەگمەن بوو.

هەر لە ئاهەنگی شاییدا شتێکی تر لە پێنجوێندا باو بوو کە لەماڵ باوکی بووکێوە ئافرەتێکی قەدرەو بە تەمەنیان لەگەڵ بووکێدا دە نارد، تا ئامۆژگاری باشە ی بووکێ بکات و رە فتاری بە رامبەر مێردەکەی باش بێو پاشانیش پەرۆی کچێنی بووکێ بێنێتەوە بۆ ماڵ باوکی بووکێ، ئەم ئافرەتە پێی دەگوترا: پێخەسوو.

## شەوی زاوایی:

ئەوەی زۆر جێی داخ بوو ئە وەبوو: کاتێ شەوێ زاوا دە کرایە ژووری خۆی و لای بووکێ، هەموو خزمان لە دەرەوە چاوەڕێیان دەکرد تا زووبێتە دەرێ و رایبگەیەنێ کە بووەتە زاوا، وەك ئەوە قوڵەی قافی گرتبێ!!

ئەم کارە هەرچەند لەروانگەی ئیسلامەوە ناپەسەند بوو، بە لآم ببوە عادەت و بە عەیبەوە سەیری نەدەکرا، هەرچەند زۆر جاریش دەبووە هۆی ئەوە کورەی قوربەسەر شەرم بیگرێ و نەبێتە زاوا و پەکی بکەوێ!! بەلآم سوپاس بۆ خوا لە نیوەی دووەمی ساڵەکانی شەستەوە ئەو عادەتەش نەما و خرایە ناو کەنووی مێژووەوە.

## نانی سێ ڕۆژە:

شتێکی تر کە لە پێنجوێنا تا دوادوایی ساڵەکانی شەستیش باوبوو، ئەوە بوو سێ ڕۆژ لە سەر یەك لەسەر سینییەکی گەورە نان و چێشت لە ماڵ باوکی بووکێوە دەڕازێنرایەوەو دە نێررا بۆ ماڵی زاوا. پاش سێ ڕۆژە ش لە لایەن ماڵ باوکی بووکێوە زاواو بووکێ بانگ دە کرانەوە بۆ نان خواردن.. ئەم دەعوەتەش وەك ئاهەنگێکی خۆ بە یەکتر ناسین و پتە وکردنی سەرەتای خزمایەتی وابوو.

## بووك و خەسوو:

ژیانی بووك و زاوا لە پێنجوێنی ئەو سەردەمەدا ژیانێکی خۆش نەبوو، نە بەپێی ئاینی ئیسلام بوو، نەبە پێی شارستانیە تی نوێ. هەندێ ماڵ ژووری جیاوازیان هە بوو، بە لاَم بووك وزاوا ئازاد نەبوون و نەیان دەتوانی بەویستی خۆیان بە یەك بگەن. کۆمەڵێ شت هەبوو کەگۆبەندی گەورەی لەنێوان بووك و خە سوودا دروست دە کرد، یە کێك لەوانە ئەم بووکە وەك کە نیزەکێك لە لایەن ماڵیخەزوورانیەوە سەیر دە کرا، لە مالآندا ئاودە ستخانەو حە مام نە بوو، زۆر دە گمەن بوو، تا شەستەکانیش ئاوی لوولە کیشی بۆمالآن نەبرابوو، لەبەر ئەوە دەبوا ئافرەت لەکانی ژنانەوە تەنەکە ئاو بەسەرشان بینێ بۆ خۆشۆردن و جل شۆردن، ئە بوا بووکێ هەموو جلی ئەوماڵەی بشۆردایە، چایی دەم بکردایە، چێشتی لێ بنایە، هەویری بشێلایەو نانی ئەوماڵەی بکردایە، گسکی بدایەو ماڵی پاك بکردایەتەوە. تاکاتی نوستن نە دەبوا بڕواتەوە ژووری خۆی ئەگەر ژووری هە بوایە، تا پێش سەردەمی من ئەوخێزانە هەموو لە ژوورێکدا بوون، تەنیا پەردەیەکیان لەنێواندا هەبووە، دەی ئەو قوڕ بەسەرانە چۆن وێراویانە ورتەیان لێوە بێت؟

ئافرەت کەم بگەیشتایەتە پانزە ساڵ لە دوانزە ساڵیەوە دەست دەکرا بەشوودانیان، ئەم ئافرەتە مناڵە بەرەو ڕووی خە سوویەکی دنیا دیدە دەبووەوە، ئە گەر هە ڵەیەکی بکردایە توانجیان تێدە گرت وسەرکۆنەیان دە کرد، ئە گەر چێشتە کەی جوان نە بوایە قسەیان پێ دە گوت، ئە مانە هەموویان دەبوونە هۆی ئەوە بومبایەکی لەسەرکات دانراو دروست بکات و ئامادەبێ لەهەرکاتێکا بتەقێتەوە.

سەیر ئەوە بوو کە ئەگەر بووکەکە ئەم هەموو ئازارو ئە شکەنجەیە قبووڵ بکردایە و گوێی پێ نەدایە، خەسوو خراپ دە بوو، کەچی زۆر کە میش ڕێدەکەوت ئەگەرخەسووەکە زۆر باش بوا یە بووکەکە خراپ دە بوو، لە م نێوانە دا لە وانەیە بڵێم هاوسە نگی نە بوو، دە بوو یە کێکیان خراپ بوونایە.

خۆ ئەگەر کوڕە بیویستایە جیا ببێتەوە ئەوە هەر زە حمەت بوو، لە هەموو لایەکەوە سەرکۆنەی دەکراو خە ڵکی دە یانگوت: عەیب وشوورە یی چۆ ن لە ماڵ باوکی جیابووە وە، ئە وان بە تەمای ئەوەبوون کە کوڕ پێگەیشتووەو نانێکیان بۆ پەیدا بکات، وا ئیستا بەجێیان دێڵێ!!..

لەڕاستیدا سیستە مێکی نابە ڕابەری و بێ عە دالَتی بوو، لە هەمان کاتدا هە ژاری و نە داریش دەورێکی بالآی لە مەسەلەکەدا هەبوو. بەلآم سوپاس بۆ خوا لە دوای شەستەکانەوە ژیانی خەڵکی

زۆر گۆڕاو هەژاری کەم بوو، خەڵکی چاوی کرایەوە، مەسەلەی ناکۆکی نێوان بووك وخەسووش زۆر کەم بووەوە.

# # #

# بەشی سێهەم:

# سەردانی نەخۆشی و پرسە.

## نەخۆشی:

تا سەرەتای ساڵەکانی شەستیش نەخۆشی لەرزو تا(مەلاریا )، سێ بەرۆ و گرانە تا ( تی فوئید)، ژانەسك، لێهاتن (ریخۆلە کوێرە)و....هتد زۆر بوو .. کە یەکێك نە خۆش دە کەوت بۆ چارەسەرکردنی دەچوونە لای یەکێك نوشتەیەکی بۆبکات( ئەوکەسە مەلا بوایە، یان نە !)، یاداو ودەرمانی کوردەوارییان بۆ بەکار دەهێنا، ئەگەر بە مانەش چاك نەبوایەتەوە دەیانبردە سەرگۆڕی پیرێك و بە دەوری مەرقەدەکەیا دەیانگێرا، یا دەیانبردە تەکیەی شێخێکی ناودار، قادری بوایە یان نەقشی، تا ئەویش دوعای بۆ بکات و چاك ببێتەوە.. چوونە لای دکتۆر وسەردانی نەخۆشخانە زۆر کەم بوو، بڕوای خە ڵکی بە حەب ودەرزی و دە رمانیش زۆر کە م بوو، ئە ڵبەت هەندێ کەس یا بنەماڵە وا نەبوون، ئەڕۆیشتنە لای دکتۆر ودەرمانەکانیشیان بەکاردەهێنا.. بەڵام زۆرینەی خەڵکی لە جۆری یەکەم بوون. هەروەها رژێمیش وە ك پێویست دکتۆرو دە رمانخانەی بۆ خە ڵکی دابین نەکردبوو، تا ساڵەکانی شەستیش پێنجوێن بەخۆی و ناحیە و هەموو دێهاتەکانیەوە تەنیا دکتۆرێك و موستەوێەفێکی تیابوو، هەندێ جاریش یارمەتیدەری دکتۆر(موقف ێحی)ێکی تیا بوو!!.

بۆ یەکەمجار لە ساڵەکانی پەنجادا بوو کەدەرمانی مەلاریا لە پێنجوێندا بەکار هێنرا من زۆر منداڵ بووم، مارو دوپشك و شە مشەمە کوێرەو سیسرك وقالۆنچە ی لەناو ماڵا نە هێشت، کاتێ خە ڵکەکە ئەمەیان بینی زۆر پێی دلخۆش بوون، لە بەر ئە وە هەمووساڵێ رێگە یان د ەدا ماڵە کانیان بە و دەرمانە دەرمانڕێژ بکرێ، ئەمەش بووە هۆی ئەوە نەخۆشی لەرزوتا (مەلاریا) زۆر کەم ببێتەوە، تا لە حەفتا کاندا بەتەواوی بنەبڕ ببێت.

## نوشتە نووسین:

نوشتە نوسین زۆر باوبوو، لە پیاوچاکەوە بوایە یان پیاو خراپەوە، گرنگ ئەوەیە ناوی بە نوشتە نووس دەربچوایە، ئیتر بازاڕی گە رم بوو، بۆ هە موو جۆرە نەخۆشییەك جۆرە نوشتەیەك هەبوو،

من خۆم لەبیرم دێت هەندێجار کەدەهاتن بۆ لای باوکم دوعایان بۆ بکات یا نوشتە یان بۆ بنووسێ باوکم رێنموونی دەکردن کەبچن بۆ لای دکتۆر ، وە ئەو فەرمودەیەی بۆ دەخوێندنەوە کە پێغەمەر ێلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: بۆ هەموو دەردێ خوا دەرمانی داناوە جگە لە پیری.

## پیرو مەزار:

پیرو مەزار لە پێنجوێنا زۆر نەبوو، پیر بەواتای شێخ لە پێنجوێنا نەبوو، تا کۆتایی پەنجاکان شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان( کرپچنەیی)لەتاو هێرشی شیوعییەکانی گەرمیان کەرکووکی جێهێشت و هاتە دێی بووبان کە دێی خۆیان بوو، لە شەستەکانا بووبانی بە جێ هێشت، وە شێخ قادری شێخ کاکە حەمەیش لە کۆتایی شەستەکانا لەگەڕەکی بەرکێوی پێنجوێن نیشتە جێ بوو. خەڵکێکی زۆر لەپێنجوێنا دەرویشی ئەوان بوون و زۆر سەردانیان دەکردن، شێخانی بیارە زۆر بەدەگمەن ئەهاتن بۆ پێنجوێن، بە بیرەوەری من جارێك شێخ عوسمان و دووجاریش شێخ مە ولانای برای سەردانی پێنجوێنیان کردووە، ئەوانەی سۆفی بوون دەچوون بۆ بیارە، یا بۆ دووڕووە، وە رێژەی سۆفیش لە پێنجوێنا زۆر نەبوو. ئەو مەزارانەی تر کەخەڵکی دەچوون بۆ سەردانیان زیاتر بۆ سەیران و سەفا بوو تا بۆ عیبادەت، و زیکرو فیکر، وە لەبەهاری پێنجوێنا ئینشائەڵلا باسیان دەکەین.

## سەردانی نەخۆش:

لەسەر بناغەی باوەڕبوونی خەڵکەکە بە دینەکەیان و باسکردنی خێری سە ردانی نەخۆش لە لایەن پێشەوایانی دینەوە، خەڵکی سەردانی نەخۆشیان دەکرد. ئەمەش ببوە هۆی ئەوە کە نەخۆش باری گرانی نەخۆشییەکەی لا سووك ببێ، و دڵخۆشی دانەوەی بەوە کە دەبێتە کەفارەتی گوناە و پاداشتی گەورەی خوایی لە پاشە رۆژا. گێرانەوەی بەسەرهاتی پیاوچاکان و سە رگوزەشتەی خۆگرانی خواناس ورەی بەرز دەکردنەوە، و خۆشی دە خستە دڵیانەوە.. لە پێنجوێنا وا باو بوو کە خەڵکی سەردانی ئەونەخۆشانە بکات کە لەگەڕەکەکەیدان، وە هەندێ جار سەردانی کەسانی تریان دەکرد کە لە گەڕەکێکی تریشدا بوون، وە ئەگەر پێی بزانیایە و سە ردانی نە کردایە زۆر عە یب و شوورەیی بوو..

## قورئان خوێندن بەسەر نەخۆشەوە:

خەڵکەکە موسڵمانێکی سوننە تی بوون، کاتێ نە خۆش بکە وتایەتە حاڵەتێکی ناڕە حەتەوە کەس و کارەکەی دە چوون بە شوێن قورئان خوێنێکدا تابێت سوورە تی (یاسین)ی بەسەرەوە بخوێنێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرمووەدەیەی پێغەمەر ێلی الله علیه وسلم کە فەرماندەکات یاسین بەسەر نەخۆشی نزیکە مردووەوە بخوێنرێت( ). ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کەباسی قەبرو قیامەت وپاشەرۆژ و لێپرسینەوەی رۆژی قیامەتی تێدایە، تا نەخۆشەکەو ئەوانەی بەدەوری ئەوەوەن بیری بکەنەوەو لەخەوی غەفڵەت راچڵەکێن، و نە خۆشەکە لە گوناهی رابوردووی پە شیمان ببێتە وە، ئەگەر چاك بووەوە روو لەخوا بکات و ئەگەرمردیش بەهەشتی بێت..

## مردن و ئادابی مردن:

مردن میوانێکی خوێن تاڵ و ئێسك قورسه ، بەڵام واقیعێکه و رزگاربوون لێی مه حاڵه، لەم بارەوه خوا دەفەرموێ: ئەو مردنه ی ئێوه لەدەستی رادەکەن و هەڵدێن حەتمەن پێتان ده گات و پاشان دەگەڕێنرێنەوه بۆلای خوای ئاگادار لەئاشکراو نهێنی ولەبارەی کردەوەکانتانەوه ئاگادار دەکرێنەوه ( ) ، گەورەو پچووك ژن و پیاو هه ژارو دەوڵەمەند دەبێ ئەو شەربەته نا بەدڵه بنۆشێ و بۆ هەمیشەیی کەس و کار و دۆست وخۆشەویستانی و هەموو ژیانی دنیا بەجێ بێڵێ،و بەرەو ژیانی بەرزەخی بڕوات تارۆژی قیامە ت و زیندوبوونەوەی لاشەیو حسێب و کتێب و تۆڵه ی تاوان و پاداشتی چاکه وەرگرتنی..

## وەسێت کردن:

له پێنجوێنا باوبوو، ئه گەر نەخۆش بەبۆچوونی خۆی بیزانیایه مردنی نزیکەو لەوه دەچێ لەم نەخۆشییەیا بمرێت، وەسێتی دەکرد و رای دەسپارد که پاش مردنی ئەوەندەو ئەوەندەی ماڵەکەی بۆبکەن بەخێر، یا قەرزی لەلای فلان کەسە لێی وەربگرنەوه، یا قەرزی فلانه کەسی لەسەره قەرزەکەی بدەنەوه، لەم بابەتانه.مامۆستای مزگەوتەکەشیان ئەم وەسێتەی بۆ دەنووسی. جاری واش هەبوو هەر بۆ ئیحتیات له کاتی لەش ساغی وبێئه وەی هیچ نەخۆشییەکی ببێ خەڵکی وەسێتنامەیان دەنووسی و لای مەلای مزگەوتی گەڕەکەکیان دایدەنا.

## شایەتومان:

لەکاتی گیانەلا (نزیکی سەرەمەرگ)دا ئەوانەی لەدەوریا بوونایه شایەتومانیان دەهێنا و - لاإله إلا الله- یان دەکرد تا ئەویش له دڵی خۆیەوه بیڵێ، بەدەنگی بەرز داوای لێخۆشبوون- تەوبەو ئیستیغفار- یان دەکرد، تا ئەویش بێت بەدەمیا، وه لەکاتی گیاندەرچوونیا چاویان لێکدەنا ودەستیان دەخستەسەر چاوی. ئینجا شین و گریان بەرز دەبووەوه و خەڵك دەچوون بە دەمیانەوه.. پیاوانی دەمڕاست وریش سپی هەندێ کەسیان دەنارد بۆ سەرقەبران تا گۆڕەکەی بۆ هەڵکەنن، وه یەکێکیان دەنارد بۆ کڕینی خام و بلووری تا بیبات بۆ بەرگدروو، و ئەویش کفنەکەی بۆ ئامادە بکات.

## شۆردنی:

هەموو مزگەوتێ له پێنجوێنا دارمەیت و تەتە شۆری تیابوو، ئینجا له مزگەوتەوە دارمەیتەکەیان دەهێنا( )و مردووەکەیان تێدەکرد و دەیانبرد بۆ مزگەوت، له غوسڵخانەکەی مزگەوتا لەسەر تەختە دارێکی پان کەپێیان دەگوت: تەتەشۆر دایان دەنا، جل و بەرگەکانی خۆیان لەبەر دادەکەند و ئاویان بۆگەرم دەکرد و دەیانشۆرد، هەندێجاریش لەماڵەوه ئەوکارە دەکرا. ئینجا بەرگی تازەی سپییان لەبەردەکرد، و توورەکەی سەریان دەبەست، ئەمە(کفن کردنی بوو )، دوایی دەیانخستەوە ناو دارمەیتەکە و دەیانبردە ژووری مزگەوت، تا گۆڕەکەی بۆ ئامادە دەبوو.

## دانانی لەناو مزگەوتا:

مردووەکە لەمزگەوتا دادەنرا تا گۆڕە کەی بۆ تە واو دەبوو، وە ئەگەر شەویش بمردایە شەوتا بەیانی لە مزگەوت دە بوو، خە ڵکێك لە خزم و دۆست وناسراوانی ئە وشەوە لەمزگەوتا لە لای دەبوون. بەشی زۆری مزگە وتەکان قورئانیان تیابوو، هە ندێکیشیان سیپارە یان تیا هە بوو( ) ، هەریەکە جزمێکی دەگرت بەدەستەوەو قورئانی بە سەرا دەخوێند، و لە وماوەیەدا کە لە مزگەوتا دەبوو خە تمێکی قورئان یا چە ند خە تمێکی بە سەرەوە دەکرا، و خێرَی خوێندنە کەیان پێشکە ش بەگیانی مردووە کە دەکرد. هەندێ جاریش ئە گەر مزگە وتەکە دوور بوایە لەماڵەوە دایان دە نا تابەیانی.

## گۆڕ بۆ کەندنی:

وەك لە پێشەوە باسمان کرد پیاوانی دەمڕاست وریش سپی هەندێ کەسیان دەنارد بۆ سەرقەبران تا گۆڕەکەی بۆ هەڵکەنن، وە ئەگەر شەو بوایە دەوەستان تا ڕۆژ دەبووەوە، جێگەی گۆڕ وحەقی گۆڕ هەڵکەندن لە پێنجوێنا بە خۆڕایی بوو، وە نەبێ هەر پیاوی هە ژار گۆڕی هەڵبکەندایە، هەندێجار دەوڵەمەندەکانیش ئەو کارەیان دەکرد، بۆ ئەوەی خێریان بگات هە ڵیان دەکەند، ئەوەی من لە بیرم بێ حاجی عە لی شە ل، حاجی حە مە ڕەشیدی وە ستا مستە فا، ئە مانە بەپیاوەتی خۆیان یارمە تی خەڵکی نەدار و هەژاریان دەدا و گۆڕیان بۆ دەکەندن. تا ساڵەکانی حەفتاش ئەمە باوبوو.

## هەڵگرتنی بۆ سەر گۆڕستان:

کاتێ گۆڕەکە تەواو دەبوو هەواڵیان دەناردەوە بۆماڵ یا مزگە وت کە مردووەکە بێنن و گۆڕەکەی تەواو بووە . ئینجا خە ڵکی دەیانگوت: یا ئە ڵلاّ و چوارکە س دەچوونە ژێر دارمەیتەکە و هە ڵیان دەگرت،خەڵکەکە زوو زوو یارمە تی یە کتریان دە دا و لە یەکتریان وە ردەگرت، هە ندێ جار لەرێگەدا بەدەم هەڵگرتنەکەوە سڵاواتیان دەدا و تە سبیحاتیان دەکرد، و عادە تیشیان بوو بە خێرایی دەڕۆیشتن نەك بە سستی، ئینجا لەنزیکی گۆڕستانەکەوە سێ جار دایان دە ناو هەڵیان دەگرتەوە، گوایە یەکێکیان بۆ حە قی بەرو دراوسێو دووەمیان بۆ باوکو دایکی و سێیە میان بۆ حە قی کەس و کار.. گەورەترین گۆڕستانی پێنجوێن گۆڕستانی حاجی شێخ بوو، ئە ویش کەوتبوە خۆرئاوای شاری پێنجوێنی کۆنەوە. ئەوی شایەنی باسە خەڵکی پێنجوین لە گەڵ غەریبەدا زۆر بە بەزەیی بوون، کاتێ کە سێکی غە ریبە لە پێنجوێنا بمردایە بەشی زۆری خە ڵکەکە دوکان و بازاڕیان هەڵدەگرت و بە ڕێزو ئیحتیرامەوە لەگەڵ تەرمەکەیا دەچوون بۆ سەر قەبران و دەیان ناشت..وە لەتەعزیییەکەیا سەردانی کەس وکاریان دەکرد، وهەندێکیش لەگەڵیانا دا دەنیشتن..

## تەڵقین ونوێژی مردوو:

پاش ئەوەی دەیانبردە گۆڕستان لەنزیکی گۆڕەکەوە مامۆستای مزگەوتی گەڕەك نوێژی مردووی بەسەرەوە دەخوێند، بە داخەوە بەدەگمەن ڕێیکە وتایە بەکۆمەڵ نوێژی لە سەر بکە ن، ئە م نوێژە هەندێ جار لە مزگەوتا دەکرا و هە ندێ جاریش لە سەر قەبران، پاش ئەوە مردووەکە لەسەر لای

ڕاست دەخرایە ناو گۆڕەکەوە، سەری لەجیهەتی ڕۆژئاواو قاچی لە جیهەتی ڕۆژهەلأت و ڕووی بەرەو باشوور واتە: بەرەو قیبلە دادەنرا. ئینجا بە پارچە بەردی پان سەری دادەپۆشراو گڵوخاك دەکابەسەریاو بە لەقە دەیان کوتییە وە، و پاش ئە وە دووبەردی گەورەیان لە مسەرەو سە ریەوە دەچەقاند، بۆ پیاویش دانە یەکی سێهەمیان لە ناوەڕاستەوە دادەنا، ئەم بەردانە پێیان دەگوترا: کێل. ئینجا مامۆستا تەڵقینی مردووەکەی دەخوێند، ئەم تەڵقینە لەمەزەبی شافیعیدا سوننەتە، و زۆرینەی خەڵکی کوردیش شافیعین، دەنا لەلای حەنەفییەکان ناخوێنرێ.. تەڵقین بریتییە لەچەند یاداوەرییەك بۆ ئەوخەڵکەی لەگەڵ مردووەکەدا هاتوون، مامۆستا قسە ی لەگەڵ مردووەکەدا دەکرد و لە گەڵ زیندوەکانی بوو، وەك ئەوە تۆ هەرچی بوویت لەدنیادا بوویت، بەلأم لەبەرامبەر مردنەوە زەبوون و بێ دەسەلأت بوویت، واگەڕایتەوە بۆ بارەگای خوا،و لەبارەی هەموو کردەوەیەکتەوە پرسیارت لێدەکرێت، ئەگەر چاکەت کردبێ پاداشتی چاکە و ئەگەر خراپەشت بووبێ ئە وا سزای دە چێژی. وەك ئەوە بەخەڵکەکە بڵێ: بائیمەش بۆ لای خوا بگە ڕێینەوە، ئەگەر خراپەیەکمان هەبووبێ با وازی لێبێنین ولێی پە شیمان ببینە وە چونکە جێو دوامە نزڵیئێمەش ئێرە یە. ئینجا داوای لێخۆشبوونیان بۆ مردوە کە دەکرد و فاتیحە یەکیان دە خوێند و دە گەڕانەوە بۆ بە ردەرگای مالی مردووەکە، دووبارە داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکردو فاتیحەیەکیان دەخوێند وسەرخۆشییان لەکەس وکاری مردووەکە دەکرد.

## ئیسقات بۆ کردنی:

هەندێجار ئیسقاتیان بۆ مردووە کە دەکرد، ئیسقات بریتی بوو لە وە: مەلای مزگەوت یا مە لایەکی تر- چونکە هەموو مەلایەك ئەو کارەی نەدەکرد- دەهات تەمەنی مردووەکەی دیاری دەکرد چەندە، ئەگەر ئافرەت بوایە سیانزەساڵ وئەگەر پیاو بوایە پانزە ساڵی سەردەمی منالّی تاکاتی بلوغبوونی لێدەردەکرد، ئینجا کە فارەتی نوێژو ڕۆژوو و زە کات و حە جی فەوتاوی ئە و چە ند ساڵە ی مردووەکەیان بەپارە دەخەملاند، ئەگەر کەسێك بەکرێ بگرن و بۆی بگێڕێتە وە چەندی تێدەچێ، ئینجا ئەوەی سەرۆکی کارەکەبوو دەهات پارەیەکی زۆری لەچەند کەسێ وەردەگرت و پێیدەگوت: پیم ببە خشە، ئەویش بۆ ئە وەی کارە کە بڕوات بە ڕێوە پێی دە بەخشی، ئەویش بۆ چە ند ساڵی هەرفەرزێکی فەوتاو دەیدا بە یەکێك لەدانیشتوانی کۆڕەکە وەك کەفارەت، ئەویش پێی دەبەخشییەوە تا هەموویان تەواو دەبوون، ئینجا بۆ فە رزێکی تر و ..هتد پاش ئەوە پارەکە دەگەڕایەوە دەستی سەرۆکەکە، ئە ویش چل پە نجا دینارێکی لە و پارە زۆرە دەردەهێنا کە لەحەقیقەتا ئیسقاتە کەیان ئەوەندە بووە، ئینجا ئە ندازەیەکی زیاتری بۆ خۆی هە ڵدەگرت وئەویشی بە سەر کۆڕەکەدا بە ش دەکرد، و پارە زۆرەکەش کە لەخەڵکی وە رگرتووە، ئەیبردەوە بۆیان.. ئەم ئیسقات کردنە تا ساڵەکانی شەست باو بوو، پاش ئە وە کەم کەم لەناو چوو نە ما.. چونکە وەك حیلە شەرعییەك دەهاتە پێشچاوی هەندێ لە مامۆستایان لەبەر ئەوە وازیان لێهێنا..

## پرسەی سێ ڕۆژە:

تا ساڵەکانی حەفتاش لە پێنجوێنا وا باو بوو کە س وکاری مردوو سێ ڕۆژ هە ر لەبەیانییەوە تا شەوێ بۆ پرسە دادەنیشتن وخەڵکی پۆلپۆل دەچوون بۆسەرخۆشی کردن و دڵدانە وەیان، وە فاتیحەیان دەخوێند و هاوخە مییان دەردەبری بۆیان. هەندێ ماڵیش شەوانە دەچوون بۆ ماڵیان، تا ساڵە کانی هە شتایش تە عزیەخانەی تایبە ت لە مزگەوتەکانی پێنجوێنا دروست نە کرابوو، لە ناو

مزگەوتا یا لە ماڵەوە دادەنیشتن بۆ پرسە کە.وە لەپێنجوێندا باو نە بوو کە حافز و قورئان خوێن بەکرێ بگرن بۆ ئەوەی لە پرسەی سێ رۆژەکەدا قورئان بخوێنێ.

## ماڵ دابەشکردن:

ئینجا بە پێی شەرع ماڵی مردووەکە لەنێوان کەس وکاریا دابەش دەکرا، زۆر جاریش لەدابەشکردنا زولمَیان لە ئافرەت دەکرد و حەقی خۆیان نەدەدایێ، ئەگەر مردووەکە کوڕ وکچی هەبوایە زۆر بەدەگمەن ماڵەکەی دابەش ئەکرا، ئەگەر مردووەکە پیاوێکی گەنج بوایە و منداڵی وردی لە پاش جێ بمایە، پاش ساڵێك کەمتر یا زیاتر هەوڵیان دەدا ژنی مردووەکە لەبراکەی مارە بکەنەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانی پەرتەوازە نەبێ، هەندێ جاریش ئەگەر برای مردووەکە نەی ویستایە براژنەکەی مارە بکاتەوە، یا براژنە کەی شووی پێنە کردایەتەوە زوڵمیان لە ژنەکە دەکرد، منداڵەکانیان بە زۆر لێدەسەندەوەو دەریان کرد. بەلاّم ئەگەر منداڵی نەبوایە خوشك وبراکانی ماڵەکەیان دابەش دەکرد و بەشی ژنەکەیان دەدا و ئەویش دەرۆیشتەوە ماڵ کەس وکاری خۆی.

# # #

**1- عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ قَالَ : قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّ مَ:" اقْرَءُوا يس عَلَى مَوْتَاكُمْ " وَهَذَا لَفْظُ ابْنِ الْعَلَاءِ.أخرجه أبوداود في سننه، كتاب الجنائز،باب القراءة عند الميت، برقم: 2714.**

**2 - "قل إن الموت الذى تفرون منه فإنه ملاقيكم ثم تردون إلى عالم الغيب والشهادة فينبؤكم بماكنتم تعملون " سورة الجمعة/8.**

**3- دارمەیت بریتی بوو: لە چوارچێوەیەکی لاکێشەیی نیومەتر یاشتێ زیاتر پانی و دوومەتر یا شتێ زیاتر درێژ بوو. ژێرەکەی لەناوەوە تەختەبەند کرابوو، لەهەر چوار لاوە بە بەرزی نیومەتر لاوانەی بۆ کرابوو، دارەکانی ژێرەوەی لەهەردوو سەرەوە بەئەندازەی نیومەتر دەرچووبوون، تا چوار پیاو هەڵی بگرن وهەریەکەی شانێکی بداتە بەر.**

**4- سیپارە بریتی بوو لە سیی جزمەی قورئان بە جیاجیا.**

# بەشی چوارەم:
# کۆمەڵە باوێك لەزستانانی پێنجوێندا:

## یاری منداڵان:

بەوبۆنەوە کە پێنجوین بەزستانا زۆر سارد بوو، بەشێکی زۆری خەڵکی ئەتوانم بڵێم هەمووی بێکار بوون، بەفرێکی زۆر دەکەوتە عەرز رێگای هاتوچووی دە بڕی، منداڵان و هەرزەکاران یا شەڕە گەڕەك یا شەڕە سەگ، یا خەتەبزێنێ و قاڕێن و راوە کەو یا بە سەربەفرا خلیسکەیان دەکرد، یا هەڵماتێن و شێرو خەتیان دەکرد، ئەوانەی بچووکتریش بوون سوارە و پیادە، یا هەلوور بلوور، وهەلووکێن و چاوشارکێیان دە کرد. وەکیژۆڵەکانیش خەتخەتێن و پەتپەتێن یا موور مووڕێنیان دەکرد.

## شەڕە گەڕەك:

بریتی بوو لە وە کۆمەڵێ میر منداڵ بە خۆیان و سەگەکانیانەوە دەڕۆیشتن بۆ گە ڕێکیکی تری ناوشارو بەسەر گردۆلەی پشت گەڕەکەکەیانەوە کۆ دەبوونەوەو قسەی ناشیرین وجنێوی قیزەونیان پێ دەگوتن و هەڕەشەیان لێدە کردن ئەگەر ئازان وەرنە مەیدان، ئەوانیش هەندێجار غیرەت ئەیگرتن و ئەهاتن ێەمانیش بەرد بارانیان دەکردن، هەندێ جار بەوە کۆتایی پێ دەهات و هەندێ جار ئەوانیش جنێوی ناشیرینیان دەگوت ودەیان گوت: ئەگەر مەردن دوورە بەرد مەخەن با بێینە مەیدانی یەك، ئەمانیش ئەگەر بە خۆیانا بپەرموونایەتەوە وازیان لە بەرد خستن دەهێنا تا دەگەیشتنە بەرەوە، ئینجا بەکوتەك و بەمست وبەشەق بەردەبوونە گیانی یەکتر. !!

## شەڕە سەگ:

بریتی بوو لەوە کۆمەڵێ منالی گەڕەك بەخۆیان وسەگیانەوە دەڕۆیشتن بۆ گەڕەکێکی ترو ئەوانیش سەگەکانی خۆیانیان دەهێنا و سەگەکانیان دەدا بەشەڕ، ئەم ئینسان دڕندانە ئەو ئاژەلە داماوانەیان بەردەدایە گیانی یەکتر تا یەکتریان بەکەڵبەو نینۆك وێران دەکرد و ئەمانیش تەماشایان دەکردن. هەندێ جار لەسەر سەگەکانیان دەکردەوە و خۆیان بەردەبوونە گیانی یەکتر..!!

## راوەکەو:

کاتێ زستانان کرێوە ی بەفر دەبوو رەشایی بەدەرەوە نەدەماو هەموو سەرزەوی دەبووە بەفر کەوەکان لەتاو برسیەتی هەڵدەفرین و روویان لە نزیکی چەم وشیوەکان یا دەورو بەری ناوشار و ئاواییەکان دەکرد، خەڵکەکەش هەزار بوو بیری لە وە نەدەکردەوە کەئەمە سامانێکی میللیە و پێویستی بە پارێزگاری لێکردن هەیە، دەکەوتنە شوێنیان هەڵدڤرین، بەلام لەبەر سەرماو برسیەتی نەیان دەتوانی زۆر بفڕن بۆیە لەماوەیەکی کەما راویان دەکردن و قەلاچۆیان دەکردن.

## خەتەبزێنێ:

بریتی بوو لە وە کۆمەڵێ منداڵ خە تێکی گەورەی بازنگەییان دەکێشا و پاش شێرو خە ت ئەوەی تێدەکەوت لەسەر یەك قاچی لەناو بازنگەکەدا دەخولایەوە، ئەمانەی دەوروبەری دەڕۆیشتن بۆی و لەدواوە تێیان هەڵدەدا، ئەویش کە لاقێکی هەڵگرتووەو لەسەر یك لاقی دە سووڕایەوە هەوڵی دەدا یەکێك لەوانە بگرێت کە هێرشی بۆ دێنن، ئەگەر هەرکەسێکی بگرتایە ئەوکەسە تێدەکەوت و خۆی ڕزگار دەبوو.

## قاڕقاڕێن:

بریتی بوو بە یاری تۆپ بەدار لێدان، یەکێك بە دووری دەمیتر تا بیست میترەوە دەوەستاو دارێکی بەدەستەوەبوو کوتەك ئاسا، تۆپە کەی دەدا بە عەرزەکەداو کەبەرز دەبووەوە بە کوتەکەکەی لێی دەدا، ئەگەر هەرکەس لەوانەی لە مەیدانەکەدان بیانگرتایەتەوە پێش ئەوەی بیدات لەزەوی، ئەوا ئەو قت دەبوو ئەمەی کە گرتوویەتیەوە دەرۆیشتە جێگەکەی. ئەگەر نەیشگیرایەتەوە جارێکی تر بۆیان دەخست و ئەویش هەوڵی دەدا بەدارەکەی لێی بداتەوە پێش ئەوەی بکەوێتەوە سەر عەرز.

## خلیسکانێ:

منداڵانی پێنجوێن لە زستانا کاتێك بە فر دە باری و شە وسایەقەی دە کرد و زە ویەکە دەیبەست بەفرەکەش دەبووە بەفرە بەسەر و ئە گەر بەسەریشیا بڕۆیشتنایە نەدەچەقین ئالەوکاتەدا بەچەند جۆرێك قنگە خلیسکەیان دەکرد، جۆرێکیان ئەوەبوو دۆشەکڵەیەکیان دەخستە ژێرخۆیان ولە سەر تەپۆڵەکەوە قاچیان کە مێ بە رز دە کردەوەو دە خلیسکان تا خوار گردۆڵە کە. جۆری دووە میان دارێکی قایمیان دەخستە ژێر خۆیان و هەردوو پێیان بەملاولای دارەکەدادەنا، دارەکەیان بەماروو دوویی دادە نا بۆ ئە ەی زۆر نە چەقیتە ناو بەفرەکەوەو تیژتر بخزێن . جۆری سێهەمیان لەناو گەڕەکە کاندا کاتێ خۆر دە کەوت و جلقە ی بەفر دروست دە بوو، شەوانە دەیبەست و دە بووە سەهۆڵ تا سبەینێ خۆر گەرم دەبوو منداڵان لەسەری بەگوڕم دەهاتن و لەسەر قاچیان دەخزان.

## هەڵماتێن:

لە پێنجوێنی ئەوسەردەمەدا بەهەڵمات دەگوترا: کەلا، و بەهەڵماتێنیش دەگوترا: کەلاێین، یا تیلێن. ئەڵبەتە هەڵماتێن بەچەند جۆرێك دەکرا، هەندێ جار تەنیا بەردیان دادەکرد کەهیچ حەرامێکی تیا نەبوو، تەنیا بۆ ئە وە بوو بێتاقەتی خۆیان دە ر بکەن، هەندێ جار هە ڵماتیان دادەکرد و ئە وەی بیبردایەتەوە هەڵماتی دەبردەوە، عادەتەن ئەو هەڵماتانەش شووشە بوون، هەندێ جار پارە یان دادەکرد لە یەك فلسییەوە هەبوو تا پەنجا فلسی. ئەوەی بیبردایەتەوە پارەی دەبردەوە. سێ جۆر هەڵماتیش بەکاردەهێنرا: 1- هەڵماتی شووشە، 2- هەڵماتی ئاسن گەورەو بچووك. 3- هەڵماتی بەردین، کە خەڵکەکە خۆیان لەبەرد بە قەوارەو شێوە ی جیاواز دروستیان دە کرد،و بەسمارتە لووسیان دەکرد.

## سوارەو پیادە:

سوارەو پیادە ئاوابوو منداڵان كۆڵ كۆلێنیان دە كرد، ئەوانەی لەكۆڵدابوون پێیان دەگوترا سوارەو ئەوانی تریش پێیان دە گوترا پیادە ، ئەرۆیشتن بەبەردەم ماڵانداو هاواریان دە كرد ئەرێ سوارە سوار بێ یاپیادە ؟ ئەگەر بیان گوتایە : پیادە، ئەوانەی بەكۆڵەوە بوون دادەبەزین و ئە وانیتریان دەگرتە كۆڵ، خۆ ئەگەر بیان گوتبایە باسوارە سواربێ ئەوا هەر لەكۆڵیانا دەمانەوە.

ئەم یارییانەیتر هەلووربلوور، هەلووكێن چاوشاركێ، وە خەتخەتێن، پەتپەتێن و موور مووڕێن تا ئیستاش هەر ماون پێویست ناكات لەسەریان بڕۆین.

## یاری پیاوان و لاوان:

ئەوانەش كەتەمەنیان لەوان بەرەوژوورتر بوو یا خۆیان دە دایە بەربەڕۆچكە لكان وپێكەوە كۆ دەبوونەوە و دە ئاخاوتن بۆ خۆیان، زۆرجاریش خە ریكی بە فرماڵێن یا بانگێڕان دە بوون، هەندێجاریش بۆ سۆپاكەیان خەریكی دارشكاندن دەبوون، یا خۆیان بە شەترەنج و دامەو نۆریز و تاوڵەو دۆمینەوە خەریك دەكرد، هەندێكی تریش شە وانە یا دەنگ خۆشێكیان دە هێنا حیكایەتی شیرین وفەرهاد و خورشیدی خاوە ر وئەمیر ئەرسەلانی بۆ دەخوێندنەوە، یا خۆیان بە گۆرەوی بازییەوە خەریك دەكرد، یاحیكایەتخوێنێكیان بانگ دە كرد و حیكایە تی دێو و درنجی بۆ باس دەكردن، جاری وابوو یەكێ لەو حیكایەتانە سێ سەعات تا چوار سەعاتی دەخایاند، لەراستیدا ئەو حیكایەتانە گەنجینەیەكی گران بە های كەلەپووری میللە تەكەمان بوون، ئە گەر بنووسرانایە تەوە گەورەترین سوودیان بۆ فلیمە كارتۆنییەكان لێوەر دەگیرا. پیاوێك هەبوو بەناوی فەتاحی قالەی رەحیم ئەمە هاوەڵی خاڵە حەمە ئەمینم بوو، شە وانەی زستان دە ڕۆیشت بۆماڵیان، لە وێ لەو حیكایەتانەی بۆ دەگێڕانەوە، خاڵە ئەحمەدم- خوا عەفووی بكات- كەرەفیقی خۆم بوو ئەو بۆی باس دەكردم كە فەتاح حیكایەتی لەو جۆرە زۆر دەزانێ، دەنا خۆم لێم نەبیستووە، ئەگەر مابێ فرسەتە ئەو حیكایەتانەی تۆمار بكرێ و بەزایە نەچێ.

## سێ ریز:

بریتی بوو لە هێڵێكی چوارگۆشە و خەتێكی راست وچەپیان بەناویا دەهێنا، لەهەرلاوە سێ ناوكە خورمای لەسەر دادەنرا و یاریەكە پێی دەگوترا سێ ریز، لە نێوان دووكەسدا ئەنجام دەدرا.

نۆریز: نۆریزیش هەروەك سێ ریز وا بوو بە لأم جیاوازییەكەیان لە ژمارەی هێڵەكانیانا بوو، چوار گۆشە یەكی مام ناوە ندیيان دەكیشا، چوار گۆشە یەكی تریان بە دەوری ئە وەی پێشوودا دەكێشا كە ئەندازەی ماوەی نێوانیان لە دوو سانتیمەوە تا پێنچ سانتیم دەبوو، دوایی خەتیان دەهێنا بەناوەڕاستی هەر چوارلای چوارگۆشەكەوە، و ئەوسا یا دەنكە قۆپچە، یا ناوكە خورمایان بەكار ئەهێناو دەست بەكار دەبوون. دامەو شەترەنج وتاوڵەو دۆمینە تا ئێستاش هە ر ماون . پێویست بەباسكردن ناكات.

ئەم دوویارییەی تر عادەتەن لەبەھارا ئەنجام دەدران: سێ باز، کێلو بەرد.

## سێ باز:

یەکێ لە یاری چییەکان دادە بوو، پشتی دادە نەواندەوە ھەردوو دەستی دەخستە سەر ھەردو ئەژنۆی و پشتی کوورِ دەکردەوە سەری کەمێ نەوی دەکرد، یاری چییەکانی تر دەھاتن بەسەر پشتی ئەمدا بازیان دەدا، لەھەرجارێکدا وەستا یا پێشەوا بازەکەی چەند دوور بکەوتایەتەوە ئەوندە ئەوکەسەش دوور دەکەوتەوە، تاوای لێدەھات زۆر زەحمەت بێ بتوانن بازی بەسەرا بدەن، شێوەی یارییەکە بەم جۆرەبوو: گورِمیان دەبەستەوەو خۆیان دەڵدەدا بەسێ بازی یەك لە دوای یەك، لەپاش سێھەمەوە خۆی ھەڵدەدا تابەسەر پشتی داکراودا بتوانێ باز بدات. ئەگەر نەیتوانیبایە بازبدات ئەبوا خۆی دابیوایە.

## کێل و بەرد:

کێلو بەردیش بریتی بوو لە وە کۆمەڵە بەردێکیان دادەنا، کەبەردەکان عادەتەن باریك ودرێژکۆلە بوون وەك کێل وابوون کە دایان دەکردن، و لە دوورەوە بەردیان تێدە گرت، ئەمەش بۆ دست راھێنان بوو لەسەر ھەدەف پێکان.

## چاڵە بەفر:

ھەندێ جاریش چاڵە بەفرە کانیان پردەکردەوە بۆ ئەوەی لەھاوینا بەفری سروشتی بەکار بێنن بۆ ساردکردنەوەی دۆ. چاڵەبەفرەکان دیمەنێکی سەیریان ھەبوو. خاوەن چاڵەکان چەند رۆژێ لەوە پێش رایاندەگەیاند کە لە فلانە رۆژا چاڵە بەفرەکە پردەکەینەوە، لەورۆژەدا ھەرزەکاران و لاوان لەو دەورەدا کۆدەبوونەوە بۆ یارمەتیدانی خاوەن بەفرەکە.

بە بێڵ وخاکەناز بەفرەکەیان دەبڕی و دەیانکردە پارچەی گەورە گەورەی یەك مەتری چوارگۆشە یازیاتر، ئینجا پاڵیان پێوە دەنا و ئەویش خلیسکی دەکرد بۆ ناو چاڵە کە، لەوکاتەدا یەکێك لە میر منداڵەکان سوار پارچە بەفرەکە دەبوو تا دە گەیشتە ناو چاڵە کە. ئەو چالآنەش عادەتەن لە بن شاخێکی بەرزا یا بە قەد پاڵیەوە دروست دەکرا.

پاش ئەوە کە لە دەماودەمی ئێوارەدا لێدەبوونەوە، دەھاتن بەلەقە دەیان کوتییەوە، پاش ئەوە کەباش کوتایانەوە خوێیان پیا دەچاند، دوای ئەوەش کایان بەسەرا دەپژاند، سەر بەفرە چاڵەکە تا ھاوین وەك پارچە سەھۆڵی لێدەھات و ژێرەکەیشیبەفری تازەو جوان بوو، پارچە پارچە دەیانبڕی و بە باری ھێستر دەیانھێنا بۆ ناو بازاڕو دەیانفرۆشت..

# # #

# بەشی پێنجەم
# جــەژن و جــەژنــانە

## جەژنی رەمەزان:

هەروەك ئاشكرایە  موسڵمانان ساڵانە  دوو جەژنییان هەیە، رەمەزان و قوربان . لە پاش كۆتایی هاتنی رۆژووی مانگی رە مەزان موسڵمانان دەیكەن بەجەژن و شادی كە  توانیویانە ئەو عیبادەتە خواییە ئەنجام بدەن، لەگەڵ ئاوابوونی خۆری سییەه م رۆژی رە مەزان خەڵكی دەستیان دەكرد بە ئەڵلاهو ئەكبەر كردن(تەكبیر)، لەپاش نوێژی مە غریب و شێوان و بە یانییەوە، كاتێ خۆركە وت خەڵكی دەچوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جە ژن، بانگوێژەكە دەچووە سەربانی مزگەوت و دە ستی بە  ئەڵلاهو ئەكبەر كردن(تەكبیر) دەكرد، تاكاتێ خۆر لە ئاسۆوە بەئەندازەی رمێك بەرز دەبووەوە ئەوسا نوێژەكەیان دادەبەست..

## نوێژی جەژن:

نوێژی جەژن بریتییە لە دوو ركات نوێژ، لەركاتی یەكەما ئیمام پێش ئەوەی فاتیحە بخوێنێ حەوت جار ئەڵلاهو ئەكبەری دەكرد و خە ڵكەكەش بە  دوایا دەیان گوتەوە.  ئەوجا ئیمام پاش خوێندنی سورەتی فاتیحە سورەتی (الرعلی- سبح اسم)ەی دەخوێند، وە لە ركاتی دووەما پێش فاتیحە  ئیمام پێنج جار ئەڵلاهو ئەكبەری دەكرد و خەڵكەكەش بە دوایا دەیان گوتەوە. پاشان ئیمام دوای خوێندنی سورەتی فاتیحە سورەتی( الدهر- هل رتی)ی دەخوێند.

ئینجا ئیمام هە ڵدەستاو دووخوتبە ی دە خوێندەوە، بەزمانی عەرەبی ئینجا بە كوردیش تەرجومەی دەكرد، لە خوتبەكەیدا باسی ئادابی جەژن و چونیەتی سەرفیترەو خێرو پاداشتەكەی دەكرد.

## سەرفیترە:

سەرفیترە بریتییە لە زەكاتی سەر، هەركەسێك( منداڵبێ یا گەورە، پیاو بێ یائافرە ت)مادام لەشەوی جەژنا هەبووبێ، وە  توانای زیاتربێ لە  خەرجی جەژنی خۆی و خێزانی و ئە  وانەی ژێوارییان لەسەریەتی دەبێ ئەو سەرفیترەیە بدات.  ئەویش بریتییە  لە ژەمێك خواردن لە  خواردنی بەشی زۆری خە ڵكی ئەو شوێنە ، ئەمەش بۆ ئە وەیە  تا هە ژارەكانیش لە و رۆژە دا دڵیان خۆش ببێو لەوجەژن وشادییەدا بەشدار بن.

ئەو سەرفیترەیە لەساڵەكانی پەنجادا، بگرە تا شەستەكانیش بەوشێوەیە نەدەدرا كەئێستا دە درێت، لەوكاتانەدا لە  پانزەی رەمەزان بەرەوژوور  هەر مزگەوتێك تووروەكەیەك گەنمی تیا دادە نرا، كە بەشی سەرفیترەی پێنچكەس یازیاتر یاكە متری تیابوو، ئینجا سە رفیترەكەش دەدرا بە  مامۆستای مزگەوتەكە، كاتێ كە  سێك دە سەر خێزان بوایە  و سە رفیترەی بقە بلاَندایە  ، لە گەڵ مامۆستادا دەچوونە  لای توورە كە  گەنمەكەو مامۆستا دە  یگوت وائە وگەنمەم پێفرۆشتی بە  وەندە، ئە ویش

قبووڵی دەکرد، ئینجا کابرا دەیدایەوە بەو و دەیگوت: ئەوا ئەو گەنمەم دا بەتۆ لەبیاتی سەرفیترەی ئەمساڵی خۆم و خێزانم و ناوی سێ منالێشی دە هێنا، و مامۆستا رایدە کێشا بۆ خۆی، و دە یگوت: ئەوا قبووڵم کرد.

ئینجا دەیفرۆشتەوە بەکابرا وجارێکی تر ئە ویش ئەیدایەوە بەمامۆستا لەبیاتی سەرفیترەی پێنچ کەسی تر لە منالەکانی و ناوی هە موویانیشی دە هێنا، ئینجا لە دواییدا کابرا قیمە تی گە نمەکەی بەمامۆستا دەدا.

## نان خواردنی جەژن:

پاش ئەوەی کە نوێژی جەژن ئەکرا و خوتبە ئەخوێنرایەوە، ئیمام داوای لە خەڵکی دەکرد هەستن گەردنی یەکتر ئازاد بکە ن و پیرۆزبایی لەیەکتر بکەن، هەریەك لەحەنای خۆیەوە دەستومۆسی لەگەڵ ئە وکەسەدا دە کرد کە لە تەنیشتیەوەیە، جا ناسراو بوایە یا نە ناس، پاش تە واو بوونی پیرۆزبایی کردن لە یەکتر، لە جێی خۆیانا دادەنیشتنەوە، مجێور(خادم)ی مزگەوت دەچوە سەربانی مزگەوت و هاواری دە کرد خە ڵکینە رەحمەتتان لێبێت نان بێنن بۆ مزگە وت، خە ڵکیش نانیان بەسینی دە برد بۆ مزگە وت، دە وڵمەندو هە ژار پێکە وە دادەنیشتن و لە نانی یە کتریان دە خوارد، هەندێکیش کە نانی نە دەهێنا ئە وانی تر هە ریەکە لەشوێنی خۆیە وە بانگی دەکرد بۆئە وەی نانی لەگەڵ بخوات.. ئەم عادەتەش لە ساڵەکانی شە ستا نە ما.. ئەو چێشت ونانە ی کەدەمایەوە خەڵکی نەیدەبردەوە بۆ ماڵ خۆیان، بە ڵکو مجێورە کە سێ چوار مە نجەڵی گەورەی دە هێناو چێشتە کانی تێدەکرد. بۆیە هەرشتێ تێکەڵ بوایە پێیان دەگوت: ئەڵێی چێشتی مجێورە!!

## ماڵ گەڕان و گەردن ئازادی:

پاش ئەوە بە کۆمەڵ دەڕۆیشتن بۆ ماڵی خە ڵکی گەڕەك، لەهەندێ لەماڵەکاندا دادەنیشتن چایی یا شەربەتیان دەخواردەوە، بەلاَم لەهەندێ لەماڵەکان کە جێ و رێی باشیان نە بوایە تەنیا دەچوونە بەردەم ماڵەکەو کەیبانوو، یا یە کێ لەمنالی ماڵەکە نوقڵ و چیکلێتی دە هێنا پێشکەشی دەکردن و پیرۆزبایی پێ دەگوتن..

## جەژنانە:

بەشی زۆری خە ڵکی جەژنانەیان بە مجێورەکە دەدا، وە هەروەها بەمنالانی خزمی خۆیشیان . هەندێ لەمنالاَنیش دەڕۆیشتن بۆ ماڵی خزمە دەوڵەمەندەکانیان ئەوانیش جەژنانەیان دەدانێ ودڵیان خۆش دەکردن.. تا ئێستاش جەژنانە هەرماوە بەلاَم مەودای تەسکتر بووەتەوە.

## جەژنی قوربان:

جەژنی قوربانیش هەروەك جەژنی رەمەزان وابوو، لەهەندێ شتا نەبێ، وەك ئەوە کەئیمام لەبیاتی باسی ئادابی سە رفیترە، باسی ئادابی قوربانی دە کرد، وە یادی خە ڵکی دە خستەوە کەحەزرەتی ئیبراهیم چۆن هە مووشتێکی کرد بە قوربانی لە پێناوی خوادا، ماڵ کە سو کار، نیشتمان ، بگرە جگەرگۆشەی سەردەمی پیریی، وەهەروەها...

## قوربانی کردن:

لەمەزەبی شافیعیدا قوربانی کردن سووننە تە، نەك واجب، لە بەرئەوە ئەگەر لە گەڵ تورکیا یا پاکستانا بەراوردیان بکەین لەکوردستانداخەڵکێکی کەم قوربانییان دەکرد. لەیەکەم رۆژی جەژنەوە دەستی پێدەکرد تا ئێوارە ی سێهەم رۆ ژی دوای جە ژن، لە مەزەبی شافیعیدا قوربانی بۆ ئە وەیە بەسەر هەژارو نەدارا ببەخشرێتەوە، سوننەتە خاوەنەکەی چەند پارووییەکی لێ بخوات و بە س، بەڵام لای حەنەفی مەزەبەکان دروستە ئینسان دووسێ یەکی لێ بخوات و سێیەکێکی ببەخشێتەوە..

## حاجی رەوانەکردن بۆ حەج و پێشوازی کردنیان:

بە موناسەبەتی جەژنی قوربانەوە باسی عادەتێکی تر دە کەین لە عادەتەکانی زووی پێنجوێن، کە پەیوەندی بە قوربانەوە هەیە، ئەویش حەجاج رەوانەکردنە بۆ حەج و پێشوازی لێکردنیانە لەکاتی هاتنەوەیاندا. ئەڵبەتە ئەوە عادەتێك بوو تا ساڵانی حە فتا، بە لام ئێستا وانە ماوە، لە راستیدا رەوانەکردنی حاجییە کان مە راسیمێکی ئە وەندە خۆش بوو تائێستاش تامی هە ر لە بیٚخی ددانما ماوەتەوە، هەرحاجییەك کەدەرۆیشت بۆ حەج بۆ هەموو منداڵێکی گەڕەکەکەی خۆی ئالأیی دروست دەکرد، منالآن بە یاخی رە نگاورەنگییان بە دەستەوە دەگرت، دە رویشەکانیش تە پڵ و دە ف و سلأواتیان لێدەداو تا دەشتی پێنجوێن و بەر دێی بووبان حاجییەکانیان رەوانە دەکرد..

لەوسەریشەوە کەدەهاتنەوە لە سلێمانییەوە تەلەفوونیان دەکرد و هە واڵیان دەناردەوە بۆ کەس و کاریان، لە کاتی دیاری کراوا خە ڵکی چۆن رە وانەیان کردبوون ئاوە هایش دە ڕۆیشتن بە پێشوازییانەوە..

# # #

# بەشی شەشەم
# بەهاری پێنجوێن:

بەهاری پێنجوین لە دوای وەرزێکی ساردی پڕ لە سەرماو سۆڵەو رێبەندانەوە دێت، لەبەر ئەوە خەڵکی بە دڵێکی پڕلە هیواو ئاواتەوە رووبەڕووی وەرزی بەهار دەبوونەوە، لەبەهارانا دەڕۆیشتنە دەشتودەرەوە و سەیران و سەفایان ئەکرد، ئەو شوێنانەی عادەتەن خەڵکی پێنجوێن روویان تێدەکرد چەند شوێلکێکی دیاریکراو بوون . هەندێکیان هیچ بۆنە یەکیان نەبوو جگە لە سەیران وسەفا وەك: چوارباخ، بلکیان، میرە زەوی و سە رچەم. هەندێکی تریان بۆنە یەکی ئاینیشی هە بوو وە ك: پیر جومعە، ئەلیاسەفڕە، ئەسحاب، نۆبووك و شێخ محەممەدی تەڕاتەوەن، بەلاّم لەراستیدا ئەوانەش کە بەناو بۆنەی ئاینییان هە بوو هەر بۆ سە یران بوو، چونکە زۆر جار لە و شوێنانەشدا کە ژنان و پیاوان کۆ دەبوونەوە هەڵپەڕکێ و شاییان دەکرد، نەك عیبادەت و پەرستش..

**پیرجومعە**:

لەرۆژی جومعە ی بە هاراندا خە ڵکی دە چوون بۆ سە ردانی {پیرجومعە(1)}، بە یانی دە چوونە دەرەوە، یاپراخی گە لاّمێویان بۆ نیوەڕۆ لێ دروست دە کرد، وە لەو رۆژەدا زۆر قەرەباڵغ دەبوو، وپاش نیوە رۆیش دە ستیان دە گرت ودە یانکردە هەڵپەڕکێ، هە ندێ جاریش زۆرکە م رێدە کەوت رەشبەڵکیان دەکردا!! ناو بەناو ئیمام جومعەی مزگەوتی گەورەی پێنجوێن داوای لە خەلکەکە دەکرد کە پارێزگاری لە ئەدەبی ئیسلامی بکەن و دای ئەچڵەکاندن.

**ئەسحاب**:

وەهەروەها لە { ئەسحاب(2)}یشدا بە ناو بۆ زیارە ت دە چوون، بە لاّم لە راستیدا لایە نی سە یرانی زیاتر بوو تا زیار ەت، ژنان گوریسیان هە ڵدەخست ودیلانێیان دە کرد، وهە ندێ جاریش هەڵپەڕکێیان دەکرد، شوێنەکە شوێنێکی بەرز و خۆش بوو، دانیشتنی ئە و شوێنە سەیرو سفایەکی تایبەتی بۆ خۆی هەبوو. ئەوەی ئێستا بیری لێدەکەمەوە ئەوە بوو، کاتێ ژنان و هەندێ لە پیاوانیش کە دەڕۆیشتن بۆ ئەوێ بەردی بچووکی تە نکیان بە تفی خۆیان تە ڕ دەکرد و دە یان لکاند بە کێلی گۆڕەکەی ئەسحابەوە بەو نیازەی بزانن ئایا مرادیان دێتە دی یان نە؟ ئەگەر بەردەکە بنووسایە بە کێلەکەوە ئەوە بە بڕوای خۆیان مرادیان حاسڵ دەبوو، ئەگەر نە نووسایە حاسڵ نەەبوو!!

## ئەلیا سەفرە:

ئەلیا سەفرە ناوی شەخس و گۆڕستانێك بوو لە خۆرئاوای باشووری پێنجوێندا، زیاتر خە ڵكی بۆ زیارەتی دەچوون تا سەیران و سەفا، ئەم شەخسە لە پەنای باخەكەی عەبەرەشدا بوو، لالە عەبە (عبد الله) رەش پیاوێكی روو لە خوا بوو، رازی نە دەبوو خەڵكی لەوێدا بەزم وشایی بكە ن، هەروەها جێگەكەیشی تەختایی و پانتایی نە بوو وا بزانم هۆی ئە وە بوو كە هەڵپەركێی تیا نەدەكرا..

## نۆ بووك:

نۆ بووك مەزارێك بوو لە رێی (نزارە)و لەولای (كێلوو)ە وە(3)، پێنج تاحەوت كیلۆمەترێك لە پێنجوێنەوە دوور بوو، بە هاران خەڵكی دەچوون بۆ زیارە تی، و خە ڵكی عەقیدەیەكی سەیریان بەرامبەری هەبوو، پێیان وابوو، كە ئەم پیرە كۆكەی گرتۆتە خۆی و هە ركەسی كۆكەرەشەی هەبێت و بڕوات خۆی بخاتە سەر مەزارەكەی خوا چاكی دە كاتەوە.. بە زۆری لە بەهارا بەو بۆنەوە دەچوون بۆ سە ردانی، ئە ڵبەت لە وێش هە ر سە یرانێك بوو بۆ خۆی، بە لام كە متر هەڵپەڕكێی تیا دەكرا..

## شێخ موحەممەدی تەڕاتەوەن:

شێخ موحەممەدی تەڕاتەوەن مەزارێكەو كەوتۆتە باشووری شاری پێنجوێن، لە نزیك دێی كانی سپیكەی رێگای پێنجوێن – سلیمانی، لەرۆژی چوارشەممماندا خەڵكی دەچوون بۆ سە ردان و زیارەتكردنی، بەنیازی زۆر شت، یەكێك لەوانە لەرزو تا و سێ بەڕۆ بوو، شێخانی تەڕاتەوەنی پیاوچاكی باشیان تیا هەڵكەوتبوو، هەروەك لە پیاو خراپیش خاڵی نەبوون.

## چوارباخ:

یەكێك لە هاوینە هەوارەكانی پێنجوێن چوارباخ بوو، چوارباخ كە وتبوە باشووری خۆرهەلاتی پێنجوێنەوە، كۆمەڵە باخێك بوو لە دەشتایی و لاپاڵە كاندا، باخەكان بریتی بوون لە باخی وەستا میرزا، وەستا ئەورەحمانی دارتاش، مە لاعومەر، مەحموودی ئەلی، زبەكڕێلە، ئەحەی سڵێمان، فەرەج قوجیلە،حەمەمەلا، عەلی مە لا، حاجی حسە ینە رەش، عەبە زەلێ، و حە مەی عەزیز. شوێنەكەی تەختایی بوو، لەهەمانكاتدا بە بەرزاییەوە بوو، لە ناو پێنجوێنەوە جادەیەكی ترومبێلی بۆ برابوو، بەلام خاكیبوو.

كاتی خۆی مەلیك فەیسەلی دووەم هاتبوو بۆ پێنجوێن و ئە م باخانەی لەخاوەنەكانیان كڕیبوو، بۆ ئەوەی بكرێتە ئوتێلی گەورە گەورەو گازینۆ، بە لام دواكەوت و ئە و پرۆژەیە جگە لەهەندێكی كەمی جێبەجێ نەبوو. بەشێكی زۆری كرابووە مەیدانێك بۆ بە ردە ئاسنەكەی ئاسنكوڵێن كە بەباری ولاخ ئەیانهێنایە خوارآ بۆ ئەوەی ببرێ بۆ سلیمانی و شارەكانی تر.

## بلكیان:

یەکێکی تر لە سەیرانگاکانی پێنجوێن بلکیانە ، بلکیان بریتی بوو لە کۆمەڵە باخێك لە لای رۆژهەلاتی چوارباخە وە، چوارباخ دە شتایی بوو، بە لاَم بە شی زۆری باخە کانی بلکیان بە قەد پاڵەوە بوون، باخە کانیش بریتی بوون لە م باخانە: باخی میرزا عە بدوڵلاَ کە بۆ حە مەفەرەج و میرزا حەسەن جێما بوو، باخی حە مەکەریم( لالە باخە)، رەشەی ئەحمەد، عەبەرەزا، عەلی وەستا مستەفا، بە لاَم ئەوەی جێی سە یران بوو باخی رە شەی ئە حمەد بوو، لە بەردەم کانییە ساردەکەیا حەوزێکی جوان و ساباتێکی باشی لیکرابوو.

## میره زەوی:

میره زەویش کۆمەڵە باخێك بوو کە وتبوە باشووری پێنجوێنەوە، قەدپاڵێکی مەیلەو دەشتایی بوو، باخی دەرویش رەشید( رەشە شەل) ناودارتریبیان بوو، باخی مە جیدی شەریف و باخی عاسە مارە وچەند وردە باخێکی تریش..

## سەرچەم:

سەرچەم بریتی بوو لە سەرچەمی گەورەی پێنجوێن، ئەم رووبارە پیکهاتبوو لە کۆمەڵە چەمێك، چەمی بناوەسووتە و هەرگێنەو باشماخ و بایە وە و هەلالاوا لە رۆژهەلاتەوە، وە کیلوو مەسۆ لە باکوورەوە، وە ئاوی ناوشاری پێنجوێن و چە می دێکۆن لە باشوورەوە، ئەوسالآنەی بەفری زۆر بباریبایە ئاوی چەمی گەورەیش زۆر دە بوو، هەموو ناوچەی شلێر وشەیان ومیشیاو بە سەر ئەو چەمەدا دەهاتن بۆ پێنجوین، بەلاَم تا ساڵەکانی هەشتایش پردێکی رێك وپێکی بەسەرەوە نەکرابوو.

لەبەهارا کەدەشت ودەر سەوز دەبوو، خەڵکی بۆ سەیران دەچوون بۆ سەر لێواری ئەو چەمە، هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارێ. میوە فرۆش سەوزەو میوەی دەبرد، هەندێ لە کەبابچییەکان لەوێ کەبابیان دروست دەکرد، وە هەروەها هەندێ لەچایچیەکانیش چایخانە ی سەیاریان دەکردەوە، هەندێ جار زۆر قەرەباڵغ دەبوو.. گۆرانی بێژەکانیان دەهێناو لەوی گۆرانیان بۆ دە گوتن و خەلکیکی زۆریش هەڵپەرکێیان دەکرد، و ئێوارێ بەرەو ماڵ دەگەرانەوە..